کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشرەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٢٦-نیوەی دووەهەمی خاکەلێوە ١٤٠٢-ئاڤریل ٢٠٢٣



## ڕاز و ڕەمزی خۆڕاگریی لە کوردستان ل٤


★ لاپەڕەیەک لە مێژوو پێشکەش بە: ئیسماعیل عەبدی، مامۆستای بەندکراو ل٧

★ کورتەباسێک سەبارەت بە ژیان، بەرهەم و بۆچوونەکانی جان لنۆن ل٦

★ بزوتنەوەی دادخوازی بەرانبەر هەر دوو ڕژیمی سەڵتەنەتی و ئیسلامی ل٧

★ دەرسەکانی کۆمۆنی پاریس بۆ دەستەڵاتدارییەتی چەوساوەکان لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی دا ل٣

★ پێشڕەویی سەنگەر بە سەنگەر لە شەڕ لەدژی ڕژیمی ئیسلامی ل٣

★ سیاسەتی کۆمەڵە سەبارەت بە هاوکاری و کاری هاوبەش لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی چالاک لە کوردستان ل٢

★ ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی دەست درێژی بۆ سەر فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی ل٢

★ بانگەوازی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بۆ دەربرینی نارەزایەتی بەرانبەر بە ژاراوی کردنی قوتابخانەکانی کوردستان ل٣





سەروتار

## ١٢ی خاکەلێوە ئەو ڕۆژەی کە حکوومەتی ئیسلامی بە ناوی خەڵکەوە بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا سەپێندرا

ڕۆژی شەممە ١٢ی مانگی خاکەلێوە، ساڵڕۆژی داسەپانی ڕژیمێکە بەسەر خەڵکی ئێراندا کە بە "کۆماری ئیسلامیی ئێران" ناودێر کرا. ٤٤ ساڵ لەمەوبەر لە وەها ڕۆژێکدا داگیرکەرانی شۆڕشی کۆمەلانی خەڵکی ئێران بە ڕێبەریی "خومەینی"، لە شانۆیەکدا لەژێرناوی "گشتپرسی لە خەڵکی ئێران" دەسەڵاتی جەهل و خورافە و سەرکوتی خۆیان بەسەر ئەم وڵاتەدا ڕەسمی کردەوە.

ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، لە حاڵێکدا کە هێشتا دوو مانگ لە سەرکەوتنی ڕاپەڕینی خەڵک تێپەڕ نەببوو و جەماوەری خەڵک بە تەواوی ماهییەتی بیری کۆنەپەرستانە و ئامانجی سەرمایەدارانەی داگیرکەرانی شۆڕشیان بۆ دەرنەکەوتبوو، دارودەستەی خومەینی بە درووشمی "کۆماری ئیسلامی نە یەک وشە زیاتر و نە یەک وشە کەمتر" هاتنە مەیدان تا خەڵک ناچار بکەن کە لە نێوان دوو دەنگی "ئەرێ یان نا" یەکیان هەڵبژێرن و لە ڕێگەی بەشداری کردن لەم بەناو "گشتپرسییە"دا، بە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئەرێ، یان نا بڵێن. خومەینی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم شانۆیە یەکجار بەپەلە بوو. لەبەر ئەوەیکە دەیزانی ئەگەر خەڵک دەرفەتیان بۆ هەڵکەوێ بە چاوی کراوەوە قەزاوەت لەسەر ماهییەتی کۆماری ئیسلامی دەکەن و ئاکامی ڕێفراندۆم ئەوجۆرە نابێت کە چاوەڕوانی دەکرد.

پرسیارێکی فریوکارانە و وەڵامی "ئەری و نا" کە بۆ ئەم ڕێفراندۆمە دیارییان کردبوو بە شێوەیەک بوو کە گۆیا ئەگەر کەسێک دەنگی "ئەرێ" لە سندووقەکان نەخات، بە مانای ئەوەیە کە لایەنگری گەڕانەوەی ڕژیمی شایە. بێگومان لە بارووودۆخێکدا کە جەماوەری خەڵک گیانفیدایانە و بەشێوەی بەرین لە ڕاپەڕینی ڕووخاندنی ڕژیمی پەهلەویدا بەشداریان کردبوو، نیسبەت دانی ئەو بابەتە بۆیان مایەی شەرمەزاری بوو و زۆرێک لە خەڵک تەنیا بە خاتری نەفرەتیان لە ڕژیمی شا و نیزامی پێشوو و بە پێچەوانەی خواستی دەروونییان، بە دەسەڵاتی ئایینی و حکوومەتی مشتێک ئاخوند و کۆنەپەرست، لە ڕووی ناچارییەوە و هێندێکیشیان لە ڕووی خۆشباوەڕییەوە، دەنگی "ئەرێ"یان هەڵبژارد و خستیانە ناو سندووقەکانی دەنگدانەوە. هەڵبەت ئەوکاتیش ئەو دەستەیە لە خەڵک کە ماهییەتی دەسەڵاتی ئایینی و بەدەسەڵات گەیشتنی کۆنەپەرستانیان هاوسان لەگەڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆریی نیزامی پاشایەتی دەزانی، نە تەنیا ئەم ڕێفراندۆمەیان بایکۆت کرد، بەڵکوو تا ئەو جێگایەی کە لە توانایان دا بوو، جەماوەری خەڵکیان لە بەشداریکردن لەو بەناو هەڵبژاردنە دوور دەخستەوە. کارگێڕانی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو لە ڕێگەی ئەو ئیمکاناتەی کە

وەچنگیان کەوتبوو و بە کەڵک وەرگرتن لەو تریبوونانەی کە لە ئیختیاریان دابوو و بە بەکارهێنانی سوننەتی ئایینی باو لە ناو خەڵکدا،

**درێژەی ل٢**

پێشڕەو

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٢٦-نیوەی دووەهەمی خاکەلێوە ١٤٠٢-ئاڤریل ٢٠٢٣

## درێژەی : (سەروتار)

## ١٢ی خاکەلێوە ئەو ڕۆژەی کە حکوومەتی ئیسلامی بە ناوی خەڵکەوە بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا سەپێندرا

ئاکامی بەناو گشتپرسییەکەیان بە قازانجی خۆیان و بەناوی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕاگەیاند. پێشینەی گشت هەڵبژاردنە فەرمایشییەکانی ٤٣ ساڵی ڕابردوو دەگەڕێتەوە بۆ وەها ڕۆژێک و لەگەڵ سەقامگیرکردنی وەها ڕۆژێک بوو کە سوننەتی هەڵبژاردنی نمایشی و فەرمایشی لەم ڕژیمەدا دووپات بۆوە. ١٢ی خاکەلێوە بۆ جەماوەرێک کە لەژێر دەسەڵاتی ئەم ڕژیمەدا بەسەر دەبەن، وەبیرهێنەرەوەی ڕۆژانی پێشێلکردنی مافی هەڵبژاردن و دیاریکردنی چارەنووس و یەکەمین ڕۆژی سەقامگیرکردنی ڕەسمیی دەسەڵاتی جەهل و خوڕافە و یەکەمین ڕۆژی شکڵ گرتنی دەسەلاتێکە کە هەم کۆنەپەرستە و هەم سەرمایەداری.

ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوە، ئەگەر بۆ کۆماری ئیسلامی ڕۆژی دەستپێکی ٤٤مین ساڵە لە دەسەلاتی نیزامی سەرمایەداریی ئیسلامی، بۆ جەماوەری خەڵک ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆتایی ڕۆڵی جەماوەری خەڵک لە شۆڕشێکی شکۆدار و ساڵڕۆژی دەستپێکی دەسەلاتی ڕژیمێکی کۆنەپەرست و ساڵڕۆژی درێژەی تەمەنی سەرکوت، سووکایەتی، داسەپاندنی هەژاری و برسیەتییە و دەسپێکی ٤٤مین ساڵی زەوتکردنی سەرەتاییترین ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەلایەتییەکانە.

ئەگەرچی ئەوکاتیش بەشێکی یەکجار بەرینی خەڵک لەو نمایشی هەڵبژاردنەدا بەشدارییان نەکرد، بەلام کۆماری ئیسلامی یەکەمین ئاماری ساختەی خۆی لە پێوەند لەگەڵ ئەو بەناو "ڕێفراندۆم"ە ڕاگەیاند و ئیدیعای کرد کە گۆیا پتر لە ٩٨ لەسەدی خەڵک لە شانۆی "کۆماری ئیسلامی ئەری یان نا"دا بەشدارییان کردووە. ئەم ئیدیعایەی کۆماری ئیسلامی لە حالێکدا ڕادەگەیەندرا کە خەڵکی کوردستان بە جەمعییەتی چەند ملیۆن کەسییەوە، سەرەڕای ئەم فریوکارییە ئاشکرایە، بە وشیاریی تەواوەوە لەم ڕێفراندۆمەدا بەشدارییان نەکرد و مەشرووعییەتی ئەم ڕژیمەیان قەبووڵ نەکرد. ڕژیم تەنانەت شانسی ئەوەشی نەبوو کە دەکەکانی هەڵبژاردن لە کوردستان دابنێت. بۆ زۆرێک لە شوێنە دوورەدەستەکانی ئێران تەنانەت بەڵگەی هەڵبژاردنیش نەنێردرا. لە چەندین شوێن و لەوانە ناوچەی تورکەمەن‌سەحرا سندووقی دەنگدان دانەندرا.

ئەمڕۆ ملیۆنان کەس لە خەڵکی ئێران ستایشی خەڵکی کوردستان و هەموو ئەو مرۆڤانە دەکەن کە وشیارانە لە شانۆی مەشرووعییەت پێدان بە ڕژیمی ئیسلامیدا بەشداریان نەکرد. ئەمڕۆ زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئێران و بەتایبەت کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش خوازیاری ڕووخاندنی ئەم ڕژیمەن. شۆڕشی ژینا تەنیا جیلوە و دەرکەوتەیەکە لە سەحنە پڕ شکۆکانی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٣٥٧. شۆڕشی ژینا کە بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی دەستیپێکرد، لە درێژەی خۆیدا بە گێڕانی دەور و نەخشێکی وشیارانە و ڕێکخراوی چینی کرێکار و حزووری ملیۆنی لاوان، ژنان و سەرجەم خەڵکی ستەملێکراو لە گۆڕەپان و بوارە جۆراوجۆرەکاندا، بەرەو ئەوە دەچێت تا ئاوات و ئارەزووە وەدەست نەهاتووەکانی شۆڕشی ٥٧ دەستەبەر بکات. با دەست لەناو دەستی یەکتر بوارەکانی گەشە و قوڵبوونەوەی ئەم شۆڕشە بە ئیرادەی ملیۆنیمان فەراهەم بکەین.

لە ڕۆژی سەقامگیربوونی دەسەلاتی جەنایەتکار و کۆنەپەرست و ماڵوێرانکەری کۆماری ئیسلامیدا جێگای خۆیەتی یادی هەموو ئەو کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕ و پێشڕەوانە بەرز ڕابگرین کە لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم دێوەزمە دژە مرۆییە و لەپێناو وەدیهاتنی ئارمانە ڕاستەقینەکانی شۆڕشی ئێران، لە مەیدانی نەبەرد و یان لە زیندانەکاندا گیانیان بەختکرد. یادی ئیلهام بەخشیان ئەمڕۆ زیاتر لە ڕابردوو، لە خەباتی بێ‌ئەمان، نەخشەمەند، ڕێکخراو و بەردەوام دژبە ڕژیمی ئیسلامی و نەزمی سەرمایەداری، یارمەتیدەرمان دەبێت

***




کۆمەڵە، بە پێی ئەو بەرپرسیارێتییەی کە هەڵیدەگرێت بەرامبەر بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان و پێویستی لابردنی ئەو ئاستەنگانەی کە لە سەر ڕێگای بەرەوپێشچوونی ئەم بزووتنەوەیە بوونیان هەیە و هەروەها وەلامدانەوەیەکی گونجاو بە مەیلی یەکگرتنخوازانەی خەڵکی کوردستان بە مەبەستی کەڵک وەرگرتن لە هەموو ئەو پتانسێلە نارەزایەتییانەی کە لە کۆمەڵگادا لەدژی کۆماری ئیسلامی بوونی هەیە، زەمینەخۆشکردن بۆ خەبات لەپێناو نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی، کەمکردنەوەی ڕەهەندەکانی ڕەنج و ئازار و دژوارییەکانی خەبات دژی ئەم چەوساندنەوەیە، سنووردارکردنی ئەگەری پیلانگێڕییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ دروستکردنی دووبەرەکی و دابەشبوون لە نێوان پارت و ڕەوتە سیاسییەکان لە کوردستان، دەستەبەرکردنی هاوکاری و یەکگرتوویی کرداریی هێزە سیاسییەکان دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و فراوانکردنی هاوکاریی نێوان هەڵسوڕاوانی بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان لە ناوخۆی وڵاتدا زۆر بە پێویست دەزانێت.

لەم پێوەندییەدا، کۆمەڵە ئەم ڕێنماییە گشتیانەی خوارەوە بۆ هاوکاری و ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ پارت و ڕەوتە سیاسییەکان، کەسایەتییە سیاسییە خەباتکارەکان و گرووپە کۆمەلایەتییە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دادەنێت:

یەکەم: دروستکردنی کەشوهەوای دیالۆگ و گفتوگۆ، بەهێزکردنی ڕۆحی ڕەخنە و ڕۆشنگەری لە نێوان لایەنە سیاسییەکان و لە ئاستەکانی تری کۆمەڵگادا بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی خەباتێکی سیاسی ئاشتیانە و شارستانیانەی نێوان هێزەکان و چالاکانی سیاسی لە کوردستاندا.

دووەم: پابەندبوون بە پڕەنسیپی ئازادیی سیاسیی بێ مەرج وەک یەکێک لە پایەکانی خەباتی سیاسی ئاشتیخوازانەی نێوان حیزب و لایەنەکانی کوردستان، ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییە دێموکراتیکەکانی جەماوەر، لەوانەش مافی چارەنووس، جیایی دین لە دەوڵەت، مافی منداڵان و ژنان و باقی ناسنامە جنسی و جێندەرییەکان و هەروەها مافی نەتەوەکانی دیکە.

سێیەم: بەفەرمی ناسینی پڕەنسیپی مافی دەسەلاتدارێتی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای کوردستان لە ڕێگەی ئۆرگانە هەڵبژێردراوەکانی جەماوەرەوە، لایەنە سیاسییەکان تەنیا لە ڕێگەی ڕیکلام و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەریی بۆ بەرنامەکانیان دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت لە دەسەلاتی سیاسیدا.

چوارەم: دوورکەوتنەوە و خۆ بواردن لە هەر دانوستانێکی جیا لەلایەن لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی سەبارەت بە ماف و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان. پێویستە حیزب و لایەنە سیاسی و ڕەوتە چالاکەکانی کوردستان لە بارودۆخی سیاسی و خەباتکارانەی ئێستادا، خۆیان لە هەر جۆرە دیالۆگ و پەیوەندییەک لەگەڵ حکوومەتی ناوەند بەدوور بگرن. ئەگەر لە هەلومەرجێکی تایبەتی و دیاریکراودا، دانوستان و گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەت لەڕووی سیاسییەوە زەرووڕەتی بوو، پێویستە بنەمای ڕێککەوتنی گشتگیری نێوان حیزب و ڕەوتە چالاکەکانی کوردستان سەبارەت بە قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی دانوستاندن بەفەرمی بناسرێت، هەروەها پێویستە میکانیزم و شێوازی بەرەوپێشبردنی، بەپێی ڕێککەوتنی گشتی بێت.

پێنجەم: جەختکردنەوە لەسەر سیاسەتی بەکارنەهێنانی چەک لە بەرەوپێشبردنی ناکۆکییە سیاسییەکان، ڕاگەیاندنی پابەندبوونی بێ مەرج بەم بابەتە بە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان. بەمەبەستی دابینکردن و گەرەنتیکردنی ئەو سیاسەتە، دوای ڕووخانی ڕێژیمی ئیسلامی، پێویستە هێزی چەکداری حیزبەکان لەژێر کۆنترۆڵ و ڕێنمایی ئۆرگانە هەڵبژێردراوەکانی خەڵکدا بن.

شەشەم: هاوتەریب لەگەڵ بەرەوپێشبردنی ئەم ئاراستەیە، کۆمەڵە لە بارودۆخی ئێستادا، جەخت لەسەر هاوکاری لەم بوارانەی خوارەوە دەکاتەوە:

١-هاوکاری لە پێشخستنی شۆڕشی ژینا لە بوارە جیاجیاکاندا، دەستەبەرکردنی هەماهەنگیی لایەنە سیاسییەکانی چالاک لە کوردستان لەم بوارەدا و بەهێزکردنی ڕۆڵی پێشەنگایەتی ژنان لەم شۆڕشەدا.

٢-گرتنەبەری سیاسەتێکی یەکگرتنخوازانە لە ناوخۆی وڵاتدا لەخزمەت بە بەهێزکردنی بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکانی ئێستا، هاندانی هاوکاری و یەکگرتوویی بەکردەوەی هەڵسووڕاوان بەمەبەستی بەهێزکردنی نارەزایەتییە مەدەنی و بزووتنەوە کۆمەلایەتییە پێشکەوتنخوازەکان.

٣-هاوکاری لە پێناو بەدەستهێنانی پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی جەماوەر و کەسایەتییە ئازادیخوازەکان، حزب و دامەزراوە پێشکەوتنخوازەکان، ڕێکخراوە کرێکارییەکان و گروپ و ڕێکخراوە مرۆییەکان لە سەرانسەری جیهان بۆ بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان. دانانی لیژنەیەکی هاوبەش بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم بابەتە لە دەرەوەی وڵات.

٤-گرتنەبەری هەڵوێستێکی هاوبەش، لەوانەش لەڕێگەی دەرکردنی بەیاننامە و بانگەوازی هاوبەش، هەروەها چالاکیی پراکتیکی هاوبەش لە پەیوەندی لەگەڵ ڕووداوە گرنگە سیاسییەکان لەو حاڵەتانەدا کە پێویستی سیاسی وا دەخوازێت.

٥-هاوکاری لە بوارەکانی زانیاری و ئاسایشدا بەمەبەستی پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی لەدژی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و دیاریکردنی میکانیزمەکەی.

٦-هاوکاری فەننی و تەکنیکی و یارمەتی گەیاندن و دروستکردنی ئامرازەکانی ئاسانکاری لە بوارە جیاجیاکانی دیکەی خەباتدا.

٧- ئەو هاوکاریانەی لەم بەڵگەنامەیەدا هاتووە، لە هەر ئاستێکدا پەیڕەو بکرێت، نابێت لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیی کرێکاران و خەڵکی چەوساوە لە ئێران و لە ناوچەکەدا ناتەبا بێت و نابێت ببێتە هۆی لاوازبوونی خەباتی یەکگرتووانە و ڕاستەوخۆی ئەوان لەدژی کۆماری ئیسلامی و حکوومەتە سەرکوتگەرەکانی خەڵکی ناوچەکە.

کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی
حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

خاکەلێوەی ١٤٠٢ی هەتاوی

ئاوریلی ٢٠٢٣ی زایینی

***

# پێشڕەویی سەنگەر بە سەنگەر لە شەڕ لەدژی ڕژیمی ئیسلامی

دیارترین سیمای ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، دەستێوەردانی لە تایبەتترین بابەتەکانی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگایە. زیاتر لە چوار دەیە ڕێژیم بە ڕێکخستنی دامودەزگا و ئۆرگانی پان و بەرین و تێچوویەکی زۆر و زەوەند ئەم دەستێوەردانەی بەرەوپێش بردووە. بەڵام ئەو خەڵکەی لە ژێر حوکمی ئەمجۆرە سیاسەت و پراکتیزانە دا ژیانیان لەناوچووە، ئەو خەڵکەی کە لە مافە سەرەتاییەکانیان بێبەشکراون، ناتوانرێت بۆ هەمیشە لە زیندانێکی گەورەی کۆمەڵگەی ئێراندا بمێننەوە . ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕی ئایینی، ئەگەر سەردەمانێک بە تێکەڵەیەک لە درۆ و فریودان، لەگەڵ سەرکوتکردن، ئامرازی بەڕێوەبردنی ئەم زیندانە گەورەیە بوون، ئەوا وردە وردە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا و بە تایبەت لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا کە بەسەر شۆڕشی ژینادا تێپەڕیوە، بێکاریگەر بوون. خامنەیی لە سوخەڕانیەکی نزیکەی ٢ مانگ لەوە پێشیدا کە لە کۆبوونەوەی مەداحەکان لە قوم کردی، ئەم بارودۆخەی بە باشی شیکردەوە. ئەو لەم سوخەنڕانییەدا دانی پێدا نا و وتی:" ئێمە دەستوور ئەدەین، نەسیحەت دەکەین، دەلیل و مەنتق دێنینەوە بەڵام هیچ کاریگەریەکی نییە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی کە فەزای گشتی، فەزایەکی گونجاو لەگەڵ ئەوەی ئێمە دەمانەوێ نییە." مەبەستی ئەوە بوو فەزای گشتی ئەو جۆرەی کە ئەو دەیەوێ بە ڕادەی پێویست ئیسلامی نییە. بەڵێ، فەزای گشتی لە کۆنترۆڵی ئەوان دەرچووە و ئەم فەزایە بە تێپەڕبوون لە تەوەهوم و فریو بەرەو ئەوە دەچێت تا بارودۆخی داسەپاوی ئێستا بگۆڕێت. بەڵام لەبەر ئەوەی کە فەزای گشتی گونجاو لەگەڵ ئەوەی کە ئەوان گەرەکیانە نییە و بە قەولی خامنەیی تەبلیغ و نەسیحەتیش کارساز نەبووە، بۆیە ڕوو لە تاکە ئامرازێک دەکات کە هێشتا لەبەردەستیدایە، ئەویش درێژەدان بە سەرکوتکردنە. هەر جارێک دەسەڵاتە سەرەڕۆ و خۆسەپێنەکانی وەک ڕێژیمی ئیسلامی توانای دروستکردنی فەزای گشتی خوازراویان نەبێت، عەقڵانییەتی خۆیان لەدەست دەدەن و توندڕەوتر دەبن، مانای ئەمەش ئەوەیە کە سەروەری ئیسلامی گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە بۆ ئەوەی خۆی درێژە بە سەروەرییەکەی بدات و بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتدا دەبێت درێژە بە بزووتنەوەی خۆسەپێنانە و سەرکوتکردن و دروستکردنی قەیرانەکانی بدات. بۆ حکوومەتێکی لەم جۆرە دوورکەوتنەوە لەم بزووتنەوەیە مانای لەناوچوونە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا وەها کەلێنێکی لە تەواوەتی نیزامدا دروست کردووە کە شیاوی پڕکردنەوە نییە، ئیدئۆلۆژی حکوومەتی لە هەموو ئاستێکدا بەوپەڕی پەڕتوکاوی گەیشتوە. نموونەکەی خەباتی سەنگەر بەسەنگەری هەڵوەشانەوەی حیجابی زۆرەملێ وەک یەکێک لە کۆڵەکەکانی دەرێژەی حاکمییەتی ئیسلامی بە ڕوونی دەبیندرێت. بەڵام ئەم سەنگەرە بەکردەوە لە ئێستادا خەریکە داگیر دەکرێت. وەک نموونە، ئەوەی کە ڕۆژی هەینی ١١ ی مانگی خاکەلێوە ڕوویدا کە نۆحە خوێنێکی ئاتەش بە ئیختیار لە دوکانێکی شیرینی فرۆشی هەڵکەوتوو لە گەڕەکی شاندیزی مەشهەد سەتڵێک ماستی کرد بەسەر دایک و کچێکدا، کە حیجابی زۆرەملییان تورڕدابوو، بەشوێنیدا خاوەن دوکانەکە، موشتەریەکان و ژنەکان هێرشیان کردەسەر نۆحەخوێنەکە و ڕاویاننا، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە. لاوانی شاندیز بە خێرایی ناو و وێنە و ئادەرسی کەسی دەستدرێژیکاری بەکرێگیراویان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بڵاو کردوە و خوازیاری تەنبێ کردنی بوون. دادگا بەسیجیەکەی بە ڕواڵەت دەستبەسەر کرد تا خۆی لە ئاگری قینی خەڵک بپارێزێت. هەڵبەت هاوکات لەبەر دڵی" ئوممەتی حیزبوڵڵا" حوکمی پلۆمپکرانی دوکانەکەش دەرچوو، بەڵام لەترسی نارەزایەتی خەڵک دوای چەند کاتژمێرێک حوکمەکە پوچەڵ کرایەوە. ڕۆژی دواتر دوکانەکە پڕ بوو لە گوڵ و شیرینی و پێشوازی خەڵک لە دوکاندارەکە. ئەو کردارە و ئەوەی کە ڕۆژانە لە خەبات بۆ گرتنی ئەم سەنگەرانە لە کۆڵان و بازاڕ و شوێنی کار و شوێنە گشتیەکاندا لە ئارادایە پێمان ئەڵێ کە ئەم سەنگەرە لەحاڵی گیراندایە. داگیرکردنی ئەم سەنگەرە و ئەزموونی بەدەست هاتوو لەو هێزە ئاڵوگۆر پێکهێنەرە لە کۆمەڵگادا هەوڵدان بۆ گرتنی باقی سەنگەرەکان و سەرئەنجام ڕوخاندنی حاکمیەتی ئیسلامی بەهێز دەکات. لەمڕەوە خەبات دژبە پۆشینی زۆرەملێ ئەرکی ژنان بە تەنیا نییە، ئەرکی هەموو ئەو کەسانەیە کە خوازیاری ئاڵوگۆڕن لە بارودۆخی ئێستادا و داواکاری ژیانێکی ترن کە مافەکانیان، حورمەت و کەرامەتیان، ئیرادە و بڕیاریانی تێدا پارێزراو بێت. ڕژیمی سەرەڕۆی ئیسلامی لە دۆخێکی سەختدا گیری خواردووە. لە لایەک ناتوانێت و بە دڵنیاییەوە نایەوێت گوێڕایەڵی ئیرادەی ڕەوای خەڵک بێت، چونکە لەم حاڵەتەدا ئیتر حکوومەتێکی ئیسلامی نییە. لە لایەکی تریشەوە خەڵک عەزمیان جەزم کردووە بە داگیرکردنی سەنگەر بە سەنگەر، کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامی بهێنن و مافە زەوتکراوەکانی خۆیان بەدەست بهێننەوە. هیچ ڕێگایەک بۆ دەربازبوون بۆ کۆماری ئیسلامی لە ئارادا نییە.

***

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی دەست درێژی بۆ سەر فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی

ڕۆژی هەینی ١٨ی مانگی خاکەلێوە، ڕێکەوتی ٧ی ئاوریلی ٢٠٢٣ی زایینی، بە درۆن هێرشکرایە سەر فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی. ئەگەرچی بەخۆشیەوە ئەو ڕووداوە هیچ زیانێکی بە شوێنەوە نەبووە، بەڵام ئەوە هیچ لە ناڕەوا بوون و قێزەونبوونی ئەو تاوانە کەم ناکاتەوە. خاڵی سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە ئەم هێرشە لە کاتێکدا ڕووئەدات کە دەوڵەتی تورکیە ٤٨ کاتژمێر پێشتر بە ڕاگەیاندنێکی فەرمی هەموو گەشتەکانی لە تورکیەوە و ئەوانەش کە بە ئاسمانی تورکیەدا تێپەر دەبن بۆ فرۆکەخانەی سلێمانی وەستاندبوو. کۆمەڵە ئەو کردەوە نامرۆڤانەیە کە بە ئاشکرا پێکهێنانی مەترسییە بۆسەر گیانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بە توندی ئیدانە دەکات و داواکارین لایەنە پێوەندیدارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، هەموو ڕێکارێك بگرنەبەر بۆ ئەوەی ئاسایشی دانیشتوانی ئەو هەرێمە لە ئاست ئەمجۆرە دەستدرێژیانە کە هەموو ئاماژەکان بەرەو ئەوەیە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بەڕێوە چووە، پارێزراو بێت.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
٨ی ئاوریلی ٢٠٢٣ زایینی
١٨ی خاکەلێوەی ١٤٠٢هەتاوی
***



# بانگەوازی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

## بۆ دەربرینی نارەزایەتی بەرانبەر بە ژاراوی کردنی قوتابخانەکانی کوردستان

بڵاوکردنەوەی گازی ژاراوی لە قوتابخانەکانی ئێران هەر وا درێژەی هەیە و بە پێی ئەو هەواڵانەی کە لە دوو ڕۆژی رابردوو دا بڵاوبونەوە، ئەو کردەوە جینایەتکارانەیە بە شێوەیەکی بەربڵاوتر قوتابخانەکانی کوردستانی گرتۆتەوە. بە دوای شاری نەغەدە ڕۆژی یەکشەممە ٢٠ ی مانگی خاکەلێوە قوتابخانەکانی میعراج، سومەییە، تالەقانی، ئیستێقلال لە شاری سەقز، جماران لە شاری سنە، عیسمەت و زەریین لە هوەتوو کەتونەتە بەر ئەم هێرشە جینایەتکارانەیە و ژومارەیەکی زۆر لە خوێندکاران گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانەکان و گیانیان لە مەترس دایە. ئەوەی کە ئێستا لە قونابخانەکانی ئێران و کوردستان روو ئەدات، لە راستیدا تۆڵەکردنەوەی کۆنەپەرەستانی دەسەڵاتدارە لە خوێنداکارانێك کە لە جەریانی شۆرشی ژینا دا پەچەی زۆرەملیان لە سەر لادا و دەنگی دروشمی " ژن، ژیان، ئازادیان" بە گوێی هەموو جیهان گەیاند. بڵاو کردنەوەی گازی ژاراوی لە مەدرەسەکان لە گەڵ ئەوەشدا کردەوەیەکی قیزەونی تاوانکارانەیە، لە هەمان کاتدا نیشانەی داماوی رژیمی ئیسلامی بەرامبەر بە شۆرشی رزگاریبەخشی ژینایە، ئەو شۆرشەی کە زیاتر لە شەش مانگە گەرووی رژیمی ئیسلامی گرتۆە و بێ راوەستان، هەنگاو بە هەنگاو بەرە و سەرکەوتن رێگا دەبڕێ. ئێمە هێرشی تیرۆریستی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی و باندە مافیاییەکانی بۆسەر کچانی قوتابی بە توندی مەحکوم دەکەین. کۆمەڵە بەم بۆنەوە داوا لە هەموو خەڵکی کوردستان و بە تایبەت جەماوەری شاری سەقز کە بە شێوەیەکی بەربڵاوتر کەوتوونەتە بەر ئەم پەلامارە دژە مروڤیە دەکەین دەنگی نارەزایەتی خۆیان بەرز کەنەوە و رێگا نەدەن دەست و پێوەندەکان و باندە مافیایەکانی ناو رژیم کە فەرمانی " ئاتەش بە ئیختیار" یان راستەوخۆ لە خامنەیی وەرگرتۆە، ئاوا بێ بەزییانە بکەونە گیانی رۆڵەکانمان و بنەماڵەکان تووشی نیگەرانی و دڵەراوکێ بکەن. با رۆژانی داهاتوو هەموو کوردستان بکەین بە مەیدانی نارەزایتی دەربرین و لەم رێگەیەوە ئەمنیەتی رۆڵەکانمان لە مەدرەسەکان بە هیمەتی خەباتی راستەوخۆ خۆمان دابین بکەین.

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کمونیستی ئێران
٢٠ ی خاکەلێوەی ١٤٠٢
***

# ڕاز و ڕەمزی خۆڕاگریی لە کوردستان، وتوویژی رادیو زەمانە لەگەڵ بەڕێز ئیبراهیم عەلیزادە

دەبیرئەوڵی کۆمەڵە» ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، سەبارەت بە ئەگەری ڕێبەریی ئەو ئاخێزە شۆڕشگێڕانەی ئێستا لە ئێران لە ئارادایە دەڵێت: « ڕێبەریی بە تێپەڕبوون لە قۆناغ گەلێکی دژواری خەبات و لەحاڵی بەربەرەکانێدا شکڵ دەگرێت و متمانەی جەماوەری مافخواز بەرەولای خۆی ڕادەکێشێت. هەر پرۆسەیەکی تر جگە لەوە، بەواتای سواری شەپۆلبوون و سەرەنجام شکستهێنانی بزووتنەوەکە و هاتنەدەرەوە لە چاڵێک و کەوتنەناو چاڵێکی ترە».

## پێشەکی

دوابەدوای قەتڵی حکوومەتیی ژینا، کەش و هەوا و ڕواڵەتی شارەکانی ئێرانیش بەتەواوی ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات. لەو ماوەیەدا جوگرافیای کوردستان سەرەڕای بەردەوامبوونی وەحشیگەری و توندوتیژی و کوشتار لە دژی جەماوەری نارازی، لاوان و خەڵکی خەباتکار گەلێک دیمەنی جۆراوجۆریان لە تاکتیک و شێوازی بەرخۆدان و خۆڕاگری لەدژی ستەم و سەرەڕۆیی خولقاند، تاکتیک گەلێک کە لە بنەڕەتدا بەبێ خۆڕێکخستن و داهێنان لە خەباتی سیاسیدا کارێکی مەحاڵ بوو. هەر لە مانگرتنی بەردەوامی کاسبکاران و بازاڕیانەوە بگرە وەک یەکێک لە سیاسیترین ئامرازەکانی گوشار بۆسەر حکومەت و بڵاوکردنەوەی سروودی شۆڕشگێڕانە لە بلندگۆی مزگەوتەکانەوە تا دەگاتە پرسە و یادی قوربانیانی ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» و پشتیوانیکردن لە جەماوەر، لە وتنەوەی دروشمی پێشکەوتنخوازانە و هاوسۆزی لەگەڵ لێدوان و قسەوباسی بنەماڵە شۆڕشگێڕەکان لەسەر گڵکۆی ئازیزانیان تا سەنگەر دروستکردن و ڕێکخستن و داگیرکردنی شەقام و سووتاندنی بنکەکانی بەسیج وەک هێمای سەرکوت و جیاکاری زیاتر لە چواردەیە دەسەڵاتداریتی. ئەوەی لە درێژەدا دەیخوێنینەوە، وتوویژێکی ڕادیۆ «زەمانە»یە سەبارەت بە دۆخی کوردستان لەگەڵ بەڕێز ئیبراهیم عەلیزادە، دەبیر ئەوڵی کۆمەڵە «ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. ئیبراهیم عەلیزادە، لە چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕادیۆ «زەمانە»، باس لەوە دەکات کە نابێ لە ڕاپەڕینی جەماوەریی ئەم دواییە وەک ڕووداوێکی بێ کۆنتێکست و بێ پێشینە تێبگەین، هەرچەندە چەخماخەی ئەو ڕاپەڕینە بەهۆی چەند ڕووداوێکی یەک لە دوای یەک و لەوانە: کوشتنی ژینا (مەهسا) ئەمینی لەلایەن حکومەتەوە، خۆڕاگری بنەماڵەکەی کە نەیانهێشت جگەرگۆشەکەیان بە نهێنی بە خاک بسپێردرێت، پشتیوانی و یاوەریکردنی خەڵکی شاری سەقز و مەراسیمی گەرم و گوڕی جەماوەریی بۆ ئەسپەردەکردنی ژینا و پاشانیش مانگرتنی گشتی لە کوردستانەوە لێدرا. ئەو پێی وایە ئەم ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەی کە لە کوردستانەوە دەستیپێکرد و هەموو ئێرانی گرتەوە، لە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆیدا درێژەی ڕاپەڕینی بەفرانباری ۹۶ و خەزەڵوەری ۹۸ و بزووتنەوەی ئاوی ساڵی ۱۴۰۰ (ئاماژە بە نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی ئەهواز) بوو، کە تەنیا بەهۆی نەخۆشی کۆڕۆناوە بۆ ماوەیەک لە بەرەوپێشچوون وەستا. لە ماوەی ٤٣ ساڵ حوکمڕانی کۆماری ئیسلامیدا، خەڵکی ئێران بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران، کە بریتی بوون لە ئازادی و ژیانێکی باشتر، گەلێک ڕێگەی جیاوازیان تاقی کردبۆوە، بەڵام لە بەفرانباری ١٣٦٩وە خەڵک لەسەر ئاستی جەماوەریی دەرکیان بەوەکرد کە ناتوانن بەپشت بەستن بە چاکسازییەکانی حکوومەت یان لەڕێگەی میکانیزمەکانی هەڵبژاردنەوە بارودۆخی نالەباری ژیانی خۆیان بگۆڕن. بەڕێزیان دەشڵێت: «لەدوای ئەو قۆناغانەوە نەک هەر شەرعییەت، بەڵکوو سەروەریی ڕێژیم لەلایەن جەماوەرێکی بەرینی خەڵکەوە خرایە ژێر پرسیارەوە و ڕووخانی کۆماری ئیسلامیش بوو بە خواستی بەشێکی بەربڵاوتر لە خەڵک». ئەمڕۆ درێژەی ئەم ڕاپەڕینە بۆ ماوەی نزیکەی سێ مانگ لە دەوری دوو دروشمی ناوەندی، ژن، ژیان، ئازادی و مردن بۆ دیکتاتۆر، دەریدەخات کە کۆمەڵگەی ئێران کەم تا زۆر لە دۆخێکی شۆڕشگێڕانەدایە و لە ڕاستیدا شۆڕشێکی سیاسی بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی لە ئارادایە. ژنان، کە تا دوێنێ لەم شەقامانەدا سووکایەتییان پێدەکرا، ئەمڕۆ هەرلەم شەقامانەدا باڵایان کردووە و زەنگی ڕسوایی ڕێژیمیان لێداوە». بە بڕوای بەڕێزعەلیزادە، بزووتنەوەکە نەک هەر نەرێنی نییە بەڵکوو ئیجابییە، واتە لە کاتێکدا مرۆڤەکان دەزانن چییان ناوێت، لە هەمانکاتدا دەزانن چییان دەوێت و نەک هەر دەیانەوێت نەزمی ئێستا بگۆڕن، بەڵکوو دەیانەوێت نەزمێکی نوێ لەسەر وێرانەکانی بنیات بنێن. «ئەم ڕاستییە بە ڕوونی لە دروشمەکانی ئەم ڕاپەڕینە و لە میتۆد و تاکتیکەکانیدا دەبینرێت». دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، دروشمێکی بەڵگەییە بۆ بنیاتنانی جیهانێکی تر. سەرەڕای ئەمەش هێشتا توانا نوستوو و پۆتانسێلەکانی ئەم بزووتنەوەیە بەتەواوەتی نەخراوەتە ڕوو. ئێوە دەزانن کە زۆرینەی خەڵکی ئەم کۆمەڵگەیە لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین وبۆنانی شەو موحتاجن، هەربۆیە پێویستە پرسی بژێوی خەڵک لە ڕۆژی سەرکەوتندا بە ڕوونی لە دروشمەکانی ئەمڕۆی ئەم بزووتنەوەیەدا ڕەنگ بداتەوە، بۆ ئەوەی جەماوەرێکی بەرفراوانتر بتوانن چالاکانە لە چوارچێوەی ئەم شۆڕشەدا ڕۆڵ بگێڕن. من پێموایە ئەم شۆڕشە لەسەر ڕێگایەکی ڕاستە و سەرکەوتنەکەی مسۆگەرە، بەڵام هێشتا شەڕی چارەنووسساز لە پێشە و ئاستەنگ و بەربەستگەلێکی زۆریش هەن کە دەبێت تێکبشکێندرێن بۆ ئەوەی بە سەرکەوتنی کۆتایی بگات. ئەم ڕاپەڕینە هیچ ڕێگەیەکی گەڕانەوەی نییە و مەحکوومە بە سەرکەوتن».

### خۆڕاگری دژی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان

**پرسیار**:ڕادیۆ زەمانە دەپرسێت، بەڵام چ خاڵێک لە سەرهەڵدانی «ژن، ژیان، ئازادی»دا دەبینرێت کە بووە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی بەرفراوان بەردەوام بێت، بەتایبەتی لە جوگرافیای کوردستاندا، سەرەڕای سەرکوتکردنی توند و کوشندەی خۆپیشاندەران؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، ئیبراهیم عەلیزادە دەڵێت: ئەم بزووتنەوەیە بەرهەمی ٤٣ ساڵ تووڕەیی پەنگخواردووی خەڵکە بەرامبەر بەو ستەمکارییە و ئەو ژیانە مەینەتبارەی کە ڕێژیمی ئیسلامی بەسەر خەڵکیدا سەپاندووە، بەڵام لەم ناوەدا زۆرینەی ڕەنج و ئازارەکان نەسیبی ژنانبووە. «ژنان لەم کۆمەڵگایەدا زۆرتر لە هەر چین و توێژێکی تر کەوتۆنەتەبەر سووکایەتی و ستەمیان لێکراوە،» ستەمکاری ئایینی و پیاوسالاری دەستیانداوەتە دەستی یەک و ڕۆژگارێکی ڕەش و دژواریان بەسەر ژناندا سەپاندووە، هەژاری لە بنەماڵەدا ژنانی زیاتر لە هەموو کەسێک خستووەتە ژێر گوشارەوە و ژنان تەنانەت زیاتر لە پیاوان بارگرانییەکەی دەکەوێتەسەر شانیان. بەوتەی دەبیری ئەوڵی کۆمەڵە، سەختیی ئەم هەلومەرجانە لە کوردستان بەهۆی چەوسانەوەی نەتەوەیی و تەنانەت مەزهەبییشەوە چەند قاتزیاترە. «بەپێی ئامارە فەرمییەکان، پارێزگاکانی کوردستان، کرماشان، ئیلام و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لە ڕووی ئابوورییەوە دواکەوتووترین ناوچەی ئێرانن لە دوای پارێزگای سیستان و بەلوچستان». ڕێژەی بێکاری و نەخوێندەواری و مردنی منداڵان لە بەرزترین ئاستدایە. خزمەتگوزارییە گشتییەکان و هیواداربوون بە ژیان لە نزمترین ئاستدایە. خەڵک لە فێربوونی زمانی دایکی بێبەشن. نەزانترین و شۆڤێنیستترین و پاوانخوازترین بەرپرسی ناخۆجێیان لە ئاستی جیاوازدا داناوە بۆ ئەوەی حوکمڕانی ئەم هەرێمە ئیدارییە بکەن». ئیبراهیم عەلیزادە پێی وایە کە، بەرخۆدان لە دژی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بەدرێژایی هەموو ئەم ساڵانە بەردەوام بووە و لە هەناوی ئەو بەرخۆدانەشدا حیزبی سیاسی و جەماوەریی دروست بووە و کەسایەتی خاوەن پێگەی جەماوەریی خۆشناو و ناسراو دەرکەوتوون کە هەریەکەیان پشکیان هەیە لە بەدەستهێنانی متمانەی خەڵک و پێشخستنی ئەم بەرخۆدانە. «دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، بە بوێرانەترین و کورتترین دەربڕین، هەم ڕەنج و ئازاری ئەو خەڵکە و هەم گڕوتینی خەباتکارانەیان نوێنەرایەتی دەکات «.

### نەریت و پاشخانی مانگرتنی گشتی لە کوردستان؛بەردەوامبوونی پێویستی بە چییە؟

هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی»ەوە، تا ئێستا، دوکاندارەکان لە شارە جۆراجۆرەکانی کوردستان چەندین جار لە ئاستێکی بەرفراواندا دوکانەکانیان داخستووە وەک نیشانەی نارەزایەتی بەرامبەر بە درێژەی سەرکوتکردنی خەباتکاران و ئیدانەی هێرشی بەردەوامی مووشەکی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سپای پاسداران بۆسەر بارەگای حیزبە کوردییەکان و هاودەنگی لەگەڵ کەسوکاری قوربانیانی ئەو ڕاپەڕینەی ئێستا و پەیوەست بوون بە مانگرتنی گشتییەوە. مانگرتنی گشتی لە کوردستاندا کردەیەکی نارەزایەتیی تەواو سیاسییە و ڕەگ و ڕیشەی لە مێژووی زیاتر لە چوار دەیە خەبات و بەرخۆدانی کوردەکاندایە. مانگرتنی گشتی لە کوردستان هەمیشە وەک ئامرازێک بۆ گوشارخستنەسەر حکومەت لەلایەن کۆمەڵگاوە بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە هەڵاواردن و توندوتیژی و چەوساندنەوەی سیستماتیکی، بەکارهێنراوە. **پرسیار**: بەڵام نەریت و پاشخانی مانگرتنی گشتی لە کوردستان و پەیوەندی سیاسیی لەپسان نەهاتووی لەگەڵ خەبات و خۆڕاگری خەڵکی کوردستان، تا چەند کاریگەری لەسەر پرۆسەی ئاڵوگۆڕەکانی ئێستا و بەردەوامیی ئەم ڕاپەڕینە هەبووە؟ هەر لەو پێوەندییەدا ئیبراهیم عەلیزادە باس لەوە دەکات کە خەڵکی کوردستان لە ماوەی دەسەڵاتدارییەتی ڕێژیمی ئیسلامیدا شێوەی جۆراوجۆری خەبات و خۆڕاگرییان تەجروبە کردووە و وانەی لێ فێربوون. «خەباتی چەکداری، خەباتی ناوشار، نارەزایەتی و خەباتی سنفی و مەدەنی، هەوڵە فەرهەنگی و کولتوورییەکان و لەوانە کە ڕەنگە کاریگەرترینیان بریتی بووبێت لە مانگرتنی سیاسی گشتی». ئەم مانگرتنانە کە لە ساڵی ١٣٥٨ەوە چەندین نموونەی سەرکەوتوومان لە کوردستان هەبووە، بۆتە نەریتێکی خەباتگێڕانە». بە گوتەی بەڕێز عەلیزادە، هۆکاری جەماوەریی بوونەوەی مانگرتنەکان لە کوردستان، بوونی چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییە: «یەکەمیان بریتییە لەو ڕێگایەی کە بەبێ مەترسی زۆر، لەبەردەستی هەموو کەسێکدایە». لە خوێندکارانی قوتابخانەوە بگرە تا مامۆستایان، لە کرێکارانی سەنتەری بەرهەمهێنان و خزمەتگوزارییەوە تا کارمەندانی فەرمانگەکان، هەمووان دەتوانن بەشداری بکەن لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی کە لەبەردەمدایە. لەڕاستیدا شتێک نییە کە تەنیا پێشڕەوان و قارەمانەکان بتوانن بیکەن. لەئاستی خۆیدا وەک ڕیفراندۆمێکی شەفاف و ئازاد بۆ ڕەتکردنەوەی ڕژیم، لەپێش چاوی هەمووان‌دا ئەنجام دەدرێت. بە ڕوونترین شێوە ڕەهەندە بەرفراوانەکانی ئەو نارەزایەتییە نیشاندەدات و ئیمکانی ئەوە لە ڕێژیم دەستێنێتەوە کە نکۆڵی لێ بکات یان بچووک و کەم بایەخ نیشانی بدات. مانگرتنی سیاسی گشتی هاوکات لەگەڵ مانگرتنە کرێکارییەکان، هێزە چەکدار و سەرکوتگەرەکانی ڕێژیم بێکاریگەر دەکات. ئەم سیاسەتمەدارە کوردە دەڵێ، مانگرتنی سیاسی گشتی لە کوردستاندا بزووتنەوەیەکی خۆڕسک و بێ پێش زەمینە نییە، بەڵکوو بە تەواوی وشیارانە و خاوەن ڕێبەریی و ڕێکخراوە، هەر بۆیە کاریگەرترە. «بە پشتبەستن بەو متمانەیەی بە ئەو لایەنانە هەیە کە مانگرتنەکان ڕادەگەیەنین، لەسەر بنەمای ناسینی دروستی دۆخەکە بۆ ڕاگەیاندنی مانگرتن و هەروەها لەسەر بنەمای بوونی ئەو تۆڕ و ڕایەڵە ناوخۆییانەی کە ئەم پرسە لە شوێنی کار و ژیانی خەڵکدا مومکین دەکات، مانگرتنێک سەردەکەوێت». **پرسیار**: بەڵام ئەو پرسیارەی لەم ماوەیەدا هاتۆتە ئاراوە ئەوەیە کە چ لێکچوون و نیشانەیەک لە نێوان ئەو مانگرتنە بەربڵاوانەی کە لەم ماوەیەدا لە شارەکانی کوردستان ڕوویدا لەگەڵ ڕابردوودا هەیە و چی پێویستە بۆ بەردەوامبوونی؟ بە گوتەی ئیبراهیم عەلیزادە، بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو، مانگرتنەکان جوگرافیایەکی فراوانتری گرتەوە: «پارێزگای کرماشان، پارێزگای لوڕستان، ورمێ، قوروە و بیجاڕ، نەغەدە، میاندواو و شاهیندژ لەو ناوچانە بوون کە بە شێوەیەکی بەرچاوتر لە پێشوو بەشدارییان لەم مانگرتنەدا کردووە». خاڵێکی زۆر گرنگ ئەوەیە کە لەم ناوچانەدا کورد و تورک و موسڵمان و ئەرمەنی و شیعە و سوننە لە تەنیشت یەکەوە دەژین و هەماهەنگی و هاوسۆزییان گەورەترین دەستکەوتی بزووتنەوەکەمان بوو لە دوو مانگی ڕابردوو، لەوانەش لە کاتی مانگرتنی گشتیدا» . بەوتەی دەبیری ئەوڵی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، دەزگا تەبلیغی و ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیم بە شێواندنی ڕاستییە مێژووییەکان و بڵاوکردنەوەی درۆ و دەلەسە، هەوڵی زۆریانداوە بۆ تێکدانی ئەو یەکڕیزییە. ناوبراو دەشڵێت: «هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەم بزووتنەوەیە، کۆنەپەرستە خۆجێییەکان بە شێوازی جۆراوجۆر و هەندێکجار ئاڵۆز، بەمەبەستی دووبەرەکی نانەوە هەوڵیاندا ئەو هاودەنگی و هاوپشتییەی ئاماژەی پێکرا لەناوببەن، بەڵام شکستیان هێنا». ئەم هاودەنگییە پێویستە وەک بیلبیلەی چاو بپارێزرێت. ئیبراهیم عەلیزادە هەروەها لەو بڕوایەدایە، لە بارەی لایەنە سیاسییە چالاکەکانی کوردستان، هەماهەنگی لە گرتنەبەری تاکتیکی خەباتکارانە و لەوانەش مانگرتنە گشتییەکان، مەرجێکی گرنگە بۆ درێژەدان بەم نەریتە و بەردەوامبوونی ئەو بزووتنەوە سەرتاسەرییەی ئێستا. «لەهەمان کاتدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بۆ لەناوبردنی کۆماری ئیسلامی پێویستمان بە بەردەوامیی ئەو مانگرتنانە هەیە، دەبێ بیر لە دابینکردنی پێداویستییە ماددییە سەرەتاییەکانی مانگرتووان بەتایبەت لە ناوەندە کرێکارییەکان بکەینەوە». پێکهێنانی سندوقەکانی هاوکاری دارایی چارەسەرێکی ڕێکخراوە و پێویستە لەم بابەتەوە بیر لە ڕێگەی پراکتیکی دیکەش بکرێتەوە“.

### هاوپشتی لەگەڵ بەلوچستان و کوردستان

پڕوپاگەندەی بەرفراوانی دامودەزگاکانی حکومەت سەبارەت بە ڕووداوەکانی بەلوچستان و خەڵکی ئەو ناوچەیە، بە ئاراستەی هەمان سیاسەت و پڕوپاگەندە بووە کە زیاتر لە چواردەیەیە لە میدیاکانی حکومەتدا دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی هەبووە سەبارەت بە ڕووداوەکانی کوردستان، بەڵام لە جەریانی ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» و سەرکوتکردن و کوشتاری خەڵکی بەلوچستان و کوردستان کە بووە هۆی دروستبوونی هاودەنگی و هاوسۆزی لە نێوان کورد و بەلووچ، شکست و ناکامییەکی دیکە بوو بۆ ئەم سیاسەتەی حکوومەت. ئیبراهیم عەلیزادە سەبارەت بە ئاستی هاودەنگی و هاوسۆزی سەرتاسەریی لەگەڵ کوردستان و بەلوچستان دەڵێت، ئاراستەیەکی لەو چەشنە زۆر ئومێدبەخش بوو، ئەم هاوسۆزیەش بەڕوونی لەو دروشمە هەست بزوێنانەدا دەبینرێت کە زیاتر لە دوو مانگە خەڵک بۆ پشتیوانی لە یەکتر دەیڵێنەوە:

دریژە ی ل٥

## دریژە ی : ڕاز و ڕەمزی خۆڕاگریی لە کوردستان

ەروەها دەڵێت: «هەر لە سەرەتای ئەم بزووتنەوەیەوە، دەسەڵات هەوڵیدا بە شێوازی جۆراوجۆر و هەندێکجار ئاڵۆز، بە پێکهێنانی دووبەرەکی، ئەو هاوپشتی و هاوسۆزییە لەناوببات. بۆ نموونە ئەوان [دەسەڵات] لە کوردستان و بەلوچستان لەچاو تاران زۆرتر گولەی شەڕیان بەکارهێنا و هەربەم هۆیەشەوە کۆمەڵکوژییەکی فراوانتریان لەم دوو ناوچەیەدا بەڕێوەبرد». بە گوتەی ئەم سیاسەتمەدارە، حکوومەت هەوڵیدا بەم شێوەیە کوردستان و بەلوچستان پەلکێشی شەڕێکی نەخوازراو بکات. دەشڵێت: «تەنانەت ناوەندە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردستان لەودیوی سنوور لە هەرێمی کوردستان کراونەتە ئامانجی مووشەکی دوور مەودا». پرسی نیگەرانی لە جیایخوازییان هێنایە ئاراوە، هەمووی ئەمانە ئەو هەوڵانە بوون کە بە ئامانجی دووبەرەکی خستنەناو دانیشتوانی پایتەخت و شارە گەورەکانی ئێران لەگەڵ خەڵکی کوردستان و بەلوچستان دران، بەڵام نەیانتوانی ئامانجەکانیان بپێکن.

### ڕێبەریی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی

**پرسیار**: لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا گەلێک جار باسی پرسی «ڕێبەریی بزووتنەوەکە» کرا. لەو ماوەیەدا پرسی ڕێبەریی بزوتنەوەکە زیاتر بوو بە ڕیکلامێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کۆمەڵێک لە کەسایەتییەکان. هەرچەندە ئەم ڕیکلامە سەلیقەییانە تەنیا لەسەر ئاستی هەمان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان مانەوە و لەوە زیاتر نەچوون، بەڵام ئەمجارەیان بە پێچەوانەی ڕابردوو، دەنگی ڕەخنەی ئەو بەکارهێنەرانەش بیسترا کە لەو بڕوایەدان ڕێبەریی بزووتنەوەکە، لە دڵی بزووتنەوەکەدا سەرهەڵدەدات.

بەڕێز عەلیزادە سەبارەت بەم بابەتە دەڵێت: ڕێبەریی لە ناخی ئەم بزووتنەوەیەدا سەرهەڵدەدات و بڕوا و متمانەی کۆمەڵایەتی بەدەستدە هێنێت. دەشڵێت « من ئەو هەوڵانەش کە لەم ڕۆژانەدا بەشێوەی دەستکرد و بە هاوکاری ڕیکلامە بێ ناوەڕۆکەکان بەمەبەستی دروستکردنی ڕێبەریی دەدرێن ، بە هەوڵێکی زۆر ساویلکانە و ناجیددی دەبینم». دیدار و کۆبوونەوەکانی ئەو کەس و لایەنانەش لە دەرەوەی وڵات کە خۆیان وەک ڕێبەی بزووتنەوەکە پێناسە دەکەن، لە ئۆلگووە زێهنییەکانیان و یان لە نیگەرانی ئەوان لە قووڵتربوونەوەی ئەم شۆڕشەوە سەرچاوە دەگرێت. هەندێک لەوان پێیانوایە ئەگەر بە زووترین کات نەکەونەخۆ و ڕێگەچارەیەک نەدۆزنەوە، شۆڕشی ئێران بە ئاراستەیەکدا دەڕوات کە تێدا هیچ جێگا و شوێنێک بۆ ئەوان بوونی نابێت». بە بڕوای بەڕێز عەلیزادە، ئەم جۆرە سیناریۆیانە تەنیا کاتێک ڕوودەدەن کە ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەی ئێستا لە ئاکامی دەستێوەردانی دەرەکی یان بە هەر هۆکارێکی دیکە، بە جۆرێک لە جۆرەکان بوەستێت یان لە ڕێگا ڕاستەکەی لابدات. «زۆرێکیان بیر لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی سیناریۆی عێراق لە ئێراندا دەکەنەوە». تەنانەت بیر لەوە دەکەنەوە کە سیناریۆی گەڕانەوەی خومەینی و هاتنە سەر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامی دووبارە بکەنەوە، بەڵام واقیعییەتەکە ئەوەیە کە بەردەوامبوونی ئەوەی کە ئەمڕۆ لە ئێراندا دەگوزەرێت بە هیچ شێوەیەک تەبایی نییە لەگەڵ ئەو جۆرە هەوڵانە و ئەو جۆرە سیناریۆ زێهنیانەی کە ڕەنگە ڕووداوەکانی سەردەم بیانگەیەنێتە سەر دەسەڵات. سەرەڕای ئەمەش، لە کۆتاییدا پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە کە میکانیزمی سەرهەڵدان و شکڵگرتنی ڕێبەریی لە ناو ئەم بزووتنەوەیەدا چۆنە و چییە؟ ئەو کەسایەتی و حیزب و ڕێکخراوانەی کە خۆیان لە ریزەکانی پێشەوەن و بەوپەڕی دڵسۆزی و وشیارییەوە کۆمەڵانی خەڵکی شۆڕشگێڕ بە ڕێڕەوە سەخت و ئاستەمەکاندا بە کەمترین زیان تێپەڕدەکەن، لە جێگە و پێگەی ڕێبەرایەتیدا خۆیان دەبیننەوە».

بەڕێز عەلیزادە دەڵێ: ڕێبەران ئەو کەسایەتی و حیزب و ڕێکخراوانەن کە لە هەموو ڕوویەکەوە تەنانەت لە ڕووی شێوازی ژیانیانەوە و لە ڕووی ئەو مەترسیانەش کە لەگەڵی بەرەوڕوون، هاوشێوەی جەماوەری ڕاپەڕیون. «ڕێبەریی بە تێپەڕین لە قۆناغە سەختەکانی خەبات و هەوڵی بەردەوامدا پێکدێت و متمانەی جەماوەری مافخواز بەدەست دەهێنێت». هەر پرۆسەیەکی تر جگە لەمە بە واتای سواری شەپۆلبوون و لە کۆتاییدا شکستی بزووتنەوەکە و هاتنەدەرەوە لە چاڵێک و کەوتنەناو چاڵێکی ترە. ئەو بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەی ئێستا پێویستی بە کات هەیە بۆ دەستەبەرکردنی ڕێبەریی خۆی. لەگەڵ هەر هەنگاوێک بەرەوپێشچوونی ئەم شۆڕشە، هاوسەنگی هێز بە قازانجی ئەو جەماوەرە دەگۆڕێت کە هاتوونەتە گۆڕەپانەکە و ڕێبەران و حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی ئیمکانی ئەوەیان بۆ دەڕەخسێت کە خۆیان ئاشکرا بکەن و بکەونەبەر قەزاوەت و هەڵسەنگاندنی خەڵک. پاراستنی هێزی بەرخۆدانی بزووتنەوەکە

### فۆرمگەلێک لە ڕێکخستن بۆ پاراستنی هێزی خۆڕاگری

بزووتنەوەکە بوونی هەیە کە تا ئێستا کەمتر بەشێوەیەکی گشتی گرنگی پێدراوە.

**پرسیار**: ئیبراهیم عەلیزادە، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە چ فۆرمێکی ڕێکخستن گونجاوە بۆ پاراستنی هێزی خۆڕاگری بزووتنەوەکە، دەڵێت: ڕوونە کە خوازراوترین شێوە، بوونی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە خاوەن جێگە و پێگە کۆمەڵایەتییە کرێکاری و ڕێبەرە ناسراوەکانیانە لە سەرەوەی ئەم شۆڕشە - شتێکی کە سەرکوتی بێ ئەوپەڕی چواردەیەی ڕابردوو ئەگەری ئەوەی لە قۆناغی ئێستادا نەهێشتووە. دەشڵێت: «گۆڕانکاری هاوسەنگی هێز دەبێت ببێتە هۆی بەدیهێنانی جۆرێک لە دێموکراسی لە خوارەوە، بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەم دواکەوتووییەی ساڵانی ڕابردوو بکاتەوە». هەربۆیە پێویستە بەدوای ڕێگاچارەی پراکتیکی و کرداری تر و لەبەردەست تردا بگەڕێین بۆ ئەوەی ڕۆژ بەڕۆژ ئەم هاوسەنگی هێزە لە بەرژەوەندی جەماوەری ڕاپەڕیودا باشتر بکات. لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا چەندین ڕێکخراوی سنفی سەریان هەڵداوە کە کەم تا زۆر بوونی خۆیان بەسەر ڕێژیمدا سەپاندووە، وەک ڕێکخراوی سنفی مامۆستایان، سەندیکای کرێکارانی فولاد و حەوت تەپە و شۆڕاکانی ڕێکخستنی کرێکارانی نەوتی باشوور و هیتر... بەڕێزعەلیزادە لەم پێوەندییەدا دەڵێت: «ئەو ڕێکخراوانە سەرمایەی بزووتنەوە مافخواز و خاوەن داواکارییەکانن، نابێت بە بیانووی بزووتنەوەی خوازیاری ڕووخاندن، ئەو ڕێکخراوانە و دەستکەوتەکانیان لەبیربکرێن». شۆڕای گەڕەکەکان کە هەوڵدەدەن بۆشایی دەسەڵات لە شوێنەکانی خۆیان پڕبکەنەوە. کۆمیتەکانی ڕێکخستنی مانگرتن، پێکهێنانی سندوقی دارایی بۆ یارمەتیدانی مانگرتووان، تۆڕ و ڕایەڵە حیزبییەکان لە شوێنی کار و ژیاندا و هەروەها جۆرێک لە ڕێکخستنی لەخوارەوە کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستا و بۆ ئەم قۆناغە گونجاو بێت. گەشە و بەرەوپێشچوونی شۆڕش، هاوکات دەبێتە هۆی گەشە و پێشخستنی ئەو ڕێکخراوانەش.

### هاندان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی

لە سەرەتای ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی»ەوە، حکومەت هەوڵیداوە لایەنە کوردییەکان بە هێرشی یەک لە دوای یەکی مووشەکی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ سەر بارەگاکانی لایەنە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق و توندتر کردنەوەی سەرکوت و خەفەقان لە شارە جۆراجۆرەکانی کوردستان،حیزبە کوردییەکان هانبداتبۆ کاردانەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی.

هەر لەو پێوەندییەدا بەڕێزعەلیزادە دەڵێ: لایەنە سیاسییە چەکدارەکانی کوردستان لە هاوئاهەنگی و لێک تێگەیشتنێکی کرداریدا گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە تێوەگلانی هێزە چەکدارەکانی پێشمەرگە لە شەڕێکی نەخوازراو نەک هەر یارمەتی درێژەدان و بەرەوپێشچوونی ئەم بزووتنەوەیە ناکات، بەڵکوو ڕێک ئەوەیە کە ڕێژیم دەیەوێت. کۆماری ئیسلامی هەوڵدەدات بزووتنەوە چەکدارییەکان لە هەردوو ناوچەی سیستان و بەلوچستان و لە کوردستانیش بەم ئاراستەیەدا ببات و ئەو ناوچانە هەرچی زیاتر میلیتاریزە بکات و ئاست و شێوازی خەبات لە کوردستان لەگەڵ باقی ناوچەکانی ئێران بگۆڕێت و سەرنجەکان لە سەر نارەزایەتی گشتی سەرتاسەریی لاببات و بەرەو شەڕ و ئاڵۆزی لەم ناوچانە ئاراستەی بکات، تەپڵی جیاخوازی بکوتێ و ئامانجگەلێکی تری لەم چەشنە. کوشتاری خەڵکی بەلووچ و توندوتیژی بێ سنوور و هەوسارپچڕاانەی هێزەکانی ڕێژیم لە کوردستان، لە خزمەت ئەمجۆرە ئامانجانەدایە.

### تێڕوانینی حیزبە کوردییەکان سەبارەت بە ژنان و بابەتی جێندەری لە کوردستان

کۆمەڵە وەک یەکێک لە خاوەن پێشینەترین حیزبە کوردییەکان، هەمیشە لە بەرنامە و سیاسەتەکانیدا جەختی لەسەر داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان کردووەتەوە و بە درێژایی تەواوی ئەو ساڵانە ئەم پرسەی وەک بەشێک بەرنامەی سیاسی خۆی زانیوە.

**پرسیار**: ئیبراهیم عەلیزادە، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، چۆن لە پرسی ژن و پرسی جێندەری لە کوردستان دەڕوانێت و لە داهاتوودا چ پلانێکی بۆی دەبێت؟، دەڵێت: لە کوردستان پرسی حیجابی زۆرەملێ بە تایبەتی بەهۆی بوونی جلوبەرگی سوننەتی، پرسێکی ڕەمزی نییە بۆ چەوساندنەوەی ژنان و هەروەها بزووتنەوەی ژنان، هەرچەندە لە کوردستانیش لە قوتابخانە و فەرمانگەکاندا، وەک هەموو شوێنەکانی تری ئێران، سیاسەتێکی لەو شێوەیە جێبەجێ کراوە و بێگومان دژایەتی و بەرەنگار بوونەوەش بوونی هەبووە. «لە گوندەکانیشدا بە هیچ شێوەیەک باسێک لە حیجابی زۆرەملێی حکوومەتیی لەئارادا نییە». دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» بۆ ژنانی کوردستان نوێنەرایەتی ئەو بێبەشی و ئازارە قووڵانە دەکات کە لە ئەنجامی پیاوسالارییەکی گیانسەختدا وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی خۆی دەنوێنێت. ژنانی کوردستانی ئێران هێشتا پێگەی شایستەی خۆیان تەنانەت لەناو حیزبە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیمیشدا بەدەست نەهێناوە. بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتدارییەتی جەماوەریی لە کوردستان، یەکێک لە سەرفەسڵە سەرەکییەکانی خۆی بۆ ئەم پرسە تەرخان کردووە». بەڕێزیان هەروەها دەڵێت: «کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش بەیاننامەیەکی هاوشێوەیان هەیە سەبارەت بە مافەکانی ژنان کە وەک ئەولەویەت، بنەمای ڕیکلام و بانگەشەکردنی ڕۆژانەمانە لە رادیۆ، تەلەویزیۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانمانە». بەشە جیاوازەکانی ئەم بەیاننامەیە بە وردی باس لەم بابەتە و چارەسەرەکانی دەکات، لەوانەش پێویستی دابینکردنی زەمینە و ئیمکانی ڕێکخستنگەلێکی بەهێز. بەڵام ئەمڕۆ ژنانی ئێران و کوردستان بە بوونیان لە ئاستی ڕێبەرایەتییەکی پراکتیکی لەم ڕاپەڕینەی ئێستادا، پێگەیەکیان بەدەستهێناوە کە دەستکەوتەکانیان سنوورەکانی ئێرانی تێپەڕکردووە و چیتر ناتوانرێت وەربگیرێتەوە».

**( ئەم وتوویژە لە لایەن رادیو زەمانە تەنزیم کراوە و پێشرەو وەری گیراوتەوە بە کوردی )**

***

پێشڕەو

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

ئیدیتۆر: ئیبراهیم عەلیزادە

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

Add: Sulimania_Zrguez

Tel: 009647701567854 009647710259353

E-mail: Peshraw@komalah.org

Web: http://www.komalah.org/

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

C.D.C.R.I

BOX 70445

10725

Stockholm_Sweden

Tel/Fax: 4608868054

E-mail: cpi@cpiran.org

Web: www.cpiran.org

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە کوردستانی عێراق

Add: Sulimania-Rzgary

Tel: 3300657 - 3300561

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات

Tel/Fax: +46-18-46 84 93

E-mail: komala@cpiran.org

تەلەفزیۆنی فەزایی کۆمەڵە

Yahsat 1A

Freq: 12072 Mhz

Position: 52.5° Est

Pol: Vertical

Sym: 27500

Fec: 7/8

Web: http://www.tvkomala.com/

رادیوکان:

بەرنامەی رادیۆکانی دەنگی شۆڕشی ئێران (رادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر سەتەلایتی یاه ست بەدوای تەواوبوونی پەخشی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی کۆمەڵە بڵاودەبنەوە.

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٢٦-نیوەی دووەهەمی خاکەلێوە ١٤٠٢-ئاڤریل ٢٠٢٣

# کورتەباسێک سەبارەت بە ژیان، بەرهەم و بۆچوونەکانی جان لنۆن

## هونەر و هەڵوێست

نووسین و ئامادەکردنی: سەعید ئەمانی



جان لنۆن ئەیوت ئاواتەخوازە بەرهەمەکانی لەسەر خەڵکێکی کە لەژێر زوڵم و زۆردا دەژین، کاردانەوەی هەبێت، تاڕادیەك کە بۆخۆیان وشیاربنەوە و بتوانن ڕێڕەوی ژیانیان دیاری بکەن، سەمیمییەت و سەداقەتی لەم هیواخوازیەیدا، لەبەرچاوترین تایبەتمەندیەکانی ئەو بوو. جان لنۆن سەرئەنجام توانی بەو ئاواتەی بگات و بەرهەمەکانی ببنە وێردی سەر زمانی کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، بەڵام کاتێك کە ئیتر خۆی نەمابوو تا بەشانازییەوە ئەو کاردانەوە بەرین و بەربڵاوە ببینێ. جان لنۆن لە بەندەری لیورپۆلی ئینگستان لەدایکبوو. لەشارێکی کرێکارنشین. لەتەمەنی منداڵیدا دایك و باوکی لەدەست چوون و درایە دەست پووری و لەلای ئەو گەورە بوو. سەردەمی خوێندن و قوتابخانە بۆ لنۆن گەلێ پڕ چەرمەسەری بوو. نەیدەتوانی لەگەڵ هەلومەرجی وشك و بێ عاتفەی فێرکردن و بارهێنانی ئەو سەردەمەدا بگونجێ. هەرچەندە وەزعی بنەماڵەی پووری مام ناوەندی بوو، بەڵام جان لنۆنی تازەلاو لەگەڵ منالانی چینی کرێکاردا گەشەی دەکرد و گەورە دەبوو بە شانازییەوە خۆی بە یەکێك لەوان دەزانی. بەم ڕوانگەیەوە بوو کە لەدەورەی خوێندنی ناوەندی دا ڕۆژنامەی دەردەکرد و سەبارەت بەهەومەرجی کرێکاران و داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانیان، وتاری دەنووسی. لە ڕۆژە تەماوییەکانی نێوان دەیەی ١٩٥٠ دا، جان لنۆن شەیدای مۆسیقای ڕاکی ئەندرۆل بوو کە بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەرەوە ئامریکای دەتەنییەوە. ڕوویکردە مۆسیقای ڕاك تا ڕۆحی خۆی لە دەست دیسپلین و بایەخە کۆن و سوننەتەییەکانی کۆمەڵگای ئینگلیسی ڕزگار بکات. لە تەمەنی شازدەساڵیدا یەکەمین گروپی مۆسیقای خۆی پێکهێنا. ساڵی ١٩٥٧ مۆسیقیدانێکی لاو و خاوەن توانا بە نێوی پۆل مەك کارتنی کەوتە ژێر کاردانەوەی کەسایەتی و هونەریی جان لنۆن و هاتەناو گروپەکەیەوە. لە ساڵەکانی دەیەی شەستدا ئەو کاتەی کە لنۆن و گروپی مۆسیقای «بیتلز» ناو و ناوبانگێکی دوور لە چاوەڕوانیان بەدەست هێنابوو، تا جێگایەکی کە سەرنجی گەلێك لە کۆمپانیا گەورەکانی نەوارپکردنەوە و ستدیۆ و ڕادیۆ و تەلەویزیۆنەکانی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو، بەڕادەیەك کاریان بەسەردا کەوتبوو، وەکوو خۆی ئەڵێ، ناچاربوون بەشێوەی شەوانە ڕۆژی لە ستدیۆکانی تۆمارکردندا بمێننەوە. بەڵام لەدنیای دەرەوەدا، ڕووداوگەلێکی گەورە لەئارادا بوو. بزوتنەوە ڕزگاریبەخش و شۆڕشگێڕانەکان بەشێکی بەرینی لەوڵاتانی تازە موستەعمەرە و موستەعمەرەی ئاسیا، ئافریقا و ئامریکای لاتین داگرتبووە.

ئیمپریالیزمی ئامریکا لەگێژاوی شەڕێکی داگیرکەرانەدا لە ڤێتنام نوقم ببوو. شۆڕەوی ئەوکات باسی لە پێویستی پێکهاتن و سازان لەگەڵ دنیای سەرمایەداری ڕۆژئاوای دەکرد و کرێکار و زۆرلێکراوانی بۆ ئاشتی و سازش لەگەڵ دەسەڵاتداران بانگهێشت دەکرد. چین سوور بوو لەسەر بانگەوازی بەرپاکردنی شۆڕشێکی جیهانی. کوبا بە پێشینەی خەباتێکی چریکی و چەکدارانەوە هێشتا بۆ زۆر کەس نمادی شۆڕش بەحیساب دەهات. و لە ڕۆژئاواشدا باس و خواسێك لەئارادابوو. بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵ خەریك بوو گەرای دەبەست. بزوتنەوەیەك دژ بە گشت ئەو دیاردە و شتانەی کە مۆرك و ئاکامی سیستمی سەرمایەداری بوون. بزووتنەوەیەك نەیار و دوژمنی نەزمی سیاسی زاڵ و بایەخ و سوونتەتە کۆنەکان، دوژمن و نەیاری داگیرکاری و دەستێوەردانە ئیمریالیستییەکان، دژ بە حیزبە ڕەسمییەکان کە حیزبەکانی لایەنگر و هاوسەنگەری مۆسکۆشی دەگرتەوە، دژ بە فەرهەنگ و هونەری ئەشرافی و خەسیو و بێ ناوەرۆك و خەڵك خەڵەتێن. ئەو ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییەی کە لە ڕۆژئاوا و لە ئاکامی شەڕی دووهەمی جیهانیدا پێکهاتبوو، وورده وورده درزی دەبرد. بەشەکانی خوارەوەی چینی کرێکار کە هێشتا بیرەوەری خەبات و ئارمانەکانی دوو دەیەی ڕابردوویان لە مێشکدا مابوو، کەم کەم سەبارەت بەدروستی و سیاسەت نیازپاکی سەندیکا ڕەسمییەکان گومانیان لادروست ببوو، لەم دنیا ئاڵۆزو پڕ گێژاوەدا، جان لنۆن و گروپی «بیتلز» لەکوێدا قەراریان گرتبوو؟ ئایا دەیانتوانی خۆیان لە شەپۆلەکانی ئەم بزوتنەوە چارەنووس سازە، بەدوور بگرن؟. لەو ڕۆژانەدا «بیتلز»، هەروەك خودی لنۆن لە ساڵەکانی دواتردا دەڵێ گێرۆدە ببوون. گیرۆدەی ناوبانگ و پلەوپایەیەکی کە سەرمایەداری بۆی دابین دەکردن. گیرۆدەی دەستی ئەو ناوەندانەی دەسەڵات و سەرمایە کە ڕێرەوی سەرەکی گۆڕەپانە فەرهەنگی و هونەرییەکان دیاری دەکەن. گروپی بیتلز بەڕوونی هەستی کرێکارانیان لە بەرهەمەکانیاندا وێنادەکرد. بەڵام شوێن پێی کرێکاران و زۆرلێکراوان لەگۆرانیەکاندا، تەنیا لەم ئاستەدا دەمایەوە، نە ئارمانێك لەئارادا بوو، نە

نارەزایەتییەك. لەگەڵ گشت ئەمانەدا، لەنێوان ساڵەکانی دەیەی ١٩٦٠ دا هەست و ئێحساساتی جان لنۆن سەبارەت بە مەسایلی سیاسی و ئاڵوگۆڕەکانی دنیا بەتەواوی هەڵخڕابوو. بەردەوام ڕۆژنامەی دەخوێندەوە و بەدوای هەواڵەکاندا دەچوو. لە هەموو جێیەك قسە لە شۆڕش دەکرا و «لنۆن» یش لەو هەلومەرجەدا سرودی «شۆڕش» ی دانا. سرودێك کە بەهەوێنی بەیتی یەکەمی سرودی بەناوبانگی «مارسی یز» کە پاشماوەی شۆڕشی فەرانسە و سرودی نەتەوەیی ئەم وڵاتەیە، گیرسابوو. بەرەو ڕادیکالیزم وەرچەرخانی جان لنۆن و ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمەکانیدا ئەوی تووشی کێشە و گرفت کرد لەگەڵ مشتەرییە سەروەتمەند و خاوەن کۆمپانیاکاندا. کار گەیشتە جێگایەك نووسراوی گۆرانی سەر کاسێتەکانیان سانسۆر دەکرد. ئەو هەلومەرجە ناسەقامگیرە چەند لایەنیەی جان لنۆن نەیدەتوانی هەروا بەردەوام بێت. لە یەکێك لەو سەرفەرانەی کە گروپی «بیتلز» بۆ ئامریکای کرد، ئەو و جۆرج هریسۆن هاتنەسەر ئەوەی لە وتووێژ لەگەڵ ڕاگەیەنەرە گشتیەکاندا دژایەتی خۆیان لەگەڵ شەڕی ئامریکا لە ڤێتنام ڕاگەیەنن، کاتێ ئەمەیان لەگەڵ سەرپەرشتی بەرنامەکانیاندا باسکرد، لەگەڵ دژایەتی ڕاشکاوانەی ئەودا ڕووبەڕوو بوون کە لە ئاکامی کردەوەکەشیان وشیاری دەکردنەوە. جان لنۆن بریسکەی دواتری لە وتووێژێکی جەنجاڵیدا، کە هەراو هوریایەکی زۆری بەدواوە بوو، لەگەڵ ڕۆژنامەنوسێکی ئینگلیسی بەنێوی «مورین کلیو»دا لێداو دەکرێ بڵێین بە ئانقەست دەستیکرد بە ڕووخاندنی هەموو پردەکانی پشت سەری. ئەو لەو وتوێژەدا بەڕوونی و ڕاشکاوییەکی کە تایبەت بەخۆیەتی وتی: «مەسیحییەت کاڵ دەبێتەوە و لەناودەچێ. پێویستیش بە بەڵگە نییە، ئەوەی من ئەیڵێم ڕاستە لەداهاتووشدا دروستیی بۆچونەکەم دەردەکەوێ. هەر ئێستا ئێمە لە عیسا مەسیح زیاترمان لایەنگر هەیە»شەش مانگ دوای ئەم لێدوانە، لنۆن و گروپی «بیتلز» لە سەفەرێکدا بۆ ئامریکا، کەوتنە بەرهێرش و گوشارێکی قین لەدڵانەی کەسایەتی و دەستەوتاقمە تاریك ئەندێشەکان. بەم قسەیە، جان

لنۆن کەسانێکی زۆری بۆ ئەبەد کردە دوژمنی خۆی بەڵام لەبەرانبەردا، سەرنجی بیروڕای کۆمەڵانی پێشکەوتوی خەڵکی بۆلای خۆی ڕاکێشا. خۆی وتوویەتی کە ئەم هەڵوێستەی ناشارەزایانە نەبووە و بەم شێوەیە ویستویەتی پشت بکاتە ئەفکار و بۆچوونەکانی ڕابردووی. جان لنۆن بەشێنەیی لە تەوەهومات و ئەفکارە کۆنەکانی مەودای گرت و گەیشە ئاستێك کە پێی وابوو. ئایین «شێتیەکی یاساییە». دوای ئەم ئاڵوگۆڕە فکرییەی بەسەر بەشێك لەئەندامانی گروپی «بیتلز» دا هات لێکهەڵوەشانی بابەتێکی حەتمی بوو. ئەم ڕاستیە دەکرا لەبەر خودی توند و بەگڕ یەکدا هاتنی جۆرج هریسۆن و پل مك کارتنی لەبەردەم دووربینی هەواڵنێرانی تەلەویزیۆنەکاندا هەست پێبکرێ. دەستە و تاقمی زاڵ بەسەر دنیای مۆسیقادا و ڕەخنەگرانی محافزەکار، لایەنی مك کارتنی یان دەگرت و جان لنۆن یان خەتابار دەکرد. لەم نێوانەدا ئاشنایەتی لنۆن لەگەڵ «یوکو ئونو» هونەرمەندی ژاپۆنی تەباردا، شوێنەوارێکی زۆری لەسەر ئاڵوگۆڕی فکری جان لنۆن لەبواری کۆمەڵایەتی وهونەریدا دانا. جان لنۆن ئەڵێ ئەوە یوکۆ بووکە ئەفکار و بایەخەکانی ئەوی سەبارەت بە ژنان گۆڕی. بزوتنەوەی ڕزگاریبەخشی ژنانی پێناساند و لەداوی بۆچوونە پیاوسالارانە و سوننەتییەکانی ڕزگاری نکرد. جان لنۆن لەم پەیوەندییەدا ئەڵێ: «ژنان گەلێك گرینگن. ئێمە ناتوانین بەبێ بەشداری ئەوان و ڕزگاربوونیان شۆڕشێك بەرپاکەین. باڵادەستی پیاوان بە چەشنێکی زیرەکانە ئاموزش دراوە. زۆری پێچوو تا من بەوە گەیشتم کە پیاوبوونم تا چ ڕادەیەك ئاستی هەڵسوڕانی یو کۆی بەرتەسك کردۆتەوە. ئەو ژنێکی سەربەست و ئازادە و بەخێراییەکی چاوەڕوان نەکراو منی تێگەیاند کە لەکوێدا تووشی هەڵەم. هەرچەندە خۆم پێمابوو هەڵس وکەوتم گەلێك سروشتییە. هەربەم هۆیەوەیە کە بەردەوام دەمەوێ بزانم هەڵس وکەوتی ئەو کەسانەی ئیدیعای ڕادیکالیزمیان هەیە لەگەڵ ژندا چۆنە.» بۆ داوەری سەبارەت بە جان لنۆن باش وایە ئەفکار و بۆچوون و هەستەکانی لە زمان خۆیەوە بیستین. تارق عەلی

و ڕابین بلاکبورن لەساڵی ١٩٧١ دا وتوێژێکیان لەگەڵ جان کردووە کە یەکێك لە بەڵگە گرینگەکانی ئەو دەورەیە. لە وەڵام بە پرسیارێکی تارق عەلیدا ئەڵێ:» من بەردەوام زەینیەتێکی سیاسیم بووە و بەدژی بارودۆخی مەوجود و هەلومەرجی سەردەم وێستاومەتەوە، کاتێ تۆ لە هەلومەرجێکی وەك ئەوەی منی تێدابووم گەورە بوویێتی، بەشێوەی ئاسایی لە پۆلیس وەك دوژمنێکی سروشتی دوڕوانی و نەفرەتی لێدەکەی. ئەڕتەشت خۆشناوێ ئەو بە چاوێك سەیردەکەی کە ئەم و ئەو دەگرێ و دەیانبا و لاشەکەیان لە شوێنێک فڕێ ئەدات. دەمەوێ بڵێم ئەساسەن ئەمە شتێکی کرێکارییە و بەچینی کرێکار مەربوتە. بەدرێژایی ژیانم بەرانبەر بەئایین و هەموو سوننەت و داب و نەریتە کۆنەکان هەڵوێستم گرتووە. ئەگەر بەشێوەیەکی کاڵ و کرچیش بووبێ. هەر لەدرێژەی ئەو دیدارەدا ئەڵێ:»هەرچی زیاتر لەگەڵ ڕاستییەکاندا ڕووبەڕوو ئەبین، زیاتر ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتە کە دەستوری کاری ڕۆژانەی دەسەڵاتداران نیشان نەدانی ڕاستییەکانە. ئەمە خۆی ئێمە بەچەشنێك ڕادیکاڵتر دەکات. وەك ئەوەی کە لە سووچێك دایانابێتی و هەموو ڕێگاکانیان لێگرتبێتی. بەڵام چ باشتر دەبوو ئەگەر ژمارەمان زیاتر بوایە..» یوکوی هاوسەری لە گۆشەیەکی ئەو وتووێژەدا دەڵێ: «من و جان مرۆڤگەلێکی خۆشبەختین. چون دەتوانین هەلومەرجی ژیانی خۆمان پێك بێنین و گرینگی پەیوەندیگرتن لەگەڵ کەسانی دیکەشدا بەباشی دەزانین.» دەیەی ١٩٧٠، ساڵەکانی نزیك بوونەوەی جان لنۆن لە سیاسەتە ڕادیکاڵەکان بوو. ئەو گەیشتبووە ئەو باوەڕە کە دەسەڵات بەبێ خەبات و تێکۆشان بەدەست نایەت و شۆڕشێکی بێ توندوتیژی لەگەڵ مەنتیقدا ناگونجێ. بە ڕاشکاوی ئەیوت پۆلیس و ئەرتەرشی خۆش ناوێ بە گۆپاڵ و بکوژی جەماوەری ناڕازییان دەزانێ و بەتوندی لێیان بێزارە. لە دیدارێکدا ئەڵێ داوام لە شۆڕشگێڕان ئەوەیە کە لە کرێکارانی لاو نزیك ببنەوە چون کرێکاران ئیمکانی شناسایی و دۆزینەوەی شۆڕشگێڕانیان نییە. لنۆن تەنانەت بەشێوەیەکی هاندەرانە ئەم باسەی هێناگۆڕێ کە خوێندکاران هێشتا بەڕادەی پێویست وشیار نەبوونەتەوە کە بزانن دەبێ کرێکاران وشیارکەنەوە. لەگەڵ گشت ئەمانەش پێی لەوەدەنا کە ئاڵترناتیڤێکی دیاریکراوی لە زەیندا نییە و تەنانەت سەبارەت بە ڕێگای گەیشتن بە دنیایەکی جیاوازتریش لە تاریکیدایە. سەرئەنجام لە مانگی نوامبری ١٩٨٠، کۆتایی دوو دەیەی پڕ کێشمەکێشی ناڕەزایەتی و خەباتی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ کۆتایی تەمەنی «جان لنۆن»دا هاوکات بوو. شەو کاتێ لەگەڵ یوکۆ لە شوێنی کارەوە بەرەو ماڵ دەبوونەوە لە «سنترال پارك» ی نیۆیۆرك کەوتەبەر دەسترێژ و لەحاڵێکدا بە پێنج گوللە پێکرابوو گیانی لەدەستدا. بکوژەکەی دانی بەوەدانا کە ئەنگیزەی بۆ کوشتنی جان لنۆن و دەست بردن بۆ ئەم جنایەتە، قسەکانی لنون سەبارەت بە عیسا مەسیح لەساڵی ١٩٦٦ دابووە. بەڵام بۆ زۆربەی جەماوەری وشیار و لایەنگری لنۆن، ئەمە قەتڵێکی سیاسی بوو کە نیهادە کۆنەپەرست و دژی خەڵکییەکانی لەپشتەوە بوو. کوشتنی لنۆن لە هەوڵین ڕۆژەکانی هەڵبژاردنی ڕۆناڵد ڕێگان وەك سەرۆك کۆماری ئەمریکادا بەڕێوەچوو. هەر ئەو ڕۆژانە کاتێ لە دیدارێکدا سەبارەت بەم ڕووداوە پرسیاریان لە ڕێگان کرد، لەژێر لچەوە بڵماندی و شتێکی وت بەڵام کەس لێی حاڵی نەبوو، بەزەردە خەنەیەکەوە دەستی هەڵبڕی و وای نیشاندا کە ئەمە ڕووداوێکی کەم بایەخە و جێی ڕەزامەندی دەسەڵاتداران و تاریك ئەندیشانە. کاتێ مرۆڤ گوێ ئەداتە سرودی (وابیرکەوە) بێ ئیختیار ڕۆدەچێتە ناخی ئەو دنیا مرۆڤانە بێ زوڵم و زۆرداریەی کە لە زەینی جان لنۆن دا گونجا بوو:

وابیرکەوە بەهەشتێك بوونی نییە
ئەگەر هەوڵبدەی کارێکی دژوار نییە
جەهاندمێك لەژێر پێماندا نییە و
بەسەر سەرمانەوە تەنیا ئاسمانە.
وابیرکەوە کە خەڵك بۆ ئەمڕۆ ئەژین
وابیرکەوە وڵاتەکان بوونیان نییە.
ئەمە کارێکی دژوار نییە.
شتێکی وا بوونی نییە کە
لەپێناویدا بکوژی یان بکوژرێی.
ئائینیش لەئارادا نییە.
وابیرکەوە کە خەڵك
بەگشتی لەئاشتیدا ئەژین
ڕەنگە بڵێی دەڕاوێنم،
بەڵام هەر من بەتەنیا نیم.
هیوادارم ڕۆژێ تۆش پێمان پەیوەست
بی و دنیا ببێتە پەیکەرێك.
وابیرکەوە خاوەندارییەك لەئارادا
نییە. گرێو ئەکەم کە ناتوانی.
پێویست بە هەڵچون و برسیبوون
نییە. ئینسانەکان برای یەکن.
وابیرکەوە کە گشت مرۆڤەکان
لە تەواوی دنیادا هاوبەشن.

سەڵای سرود و گۆرانیەکانی جان لنۆن لەبەرانبەر ئەو خاوەن هێز و دەسەڵاتانەی لەکۆبوونەوەی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی لە میکزیك، لە دەوری یەك کۆببوونەوە، بەوپەڕی هێزەوە دەنگی دایەوە و ئەو جەماوەرەی کە لە هەزاران کیلۆمیتر دوورترەوە بۆ نارەزایەتی دەربرین سەبارەت بەو نابەرابەریەی بەسەر خەڵکی بێ هێز و دەسەڵاتدا سەپاوە لە دنیادا، هاودەنگ لەگەڵ لاوانی ناڕازی سرودەکانیان بەکۆڕ ئەخوێند بەتایبەت سرودی «وابیرکەوە». ئەم سرودە هەروەك یەکێك لەئاواتەکانی جان لنۆن کە شوێنەوار لەسەر خەڵك دابنێ، بۆتە سەڵای کۆمەڵانی خەڵکی وشیار و ناڕازی.

***

# بزوتنەوەی دادخوازی بەرانبەر هەر دوو ڕژیمی سەڵتەنەتی و ئیسلامی

بزوتنەوەی دادخوازی لەسەر بەستینی شۆڕشی" ژینا" لە حاڵی پەرەسەندندایە. دایکانی گیانبەختکردوان لەڕیزی پێشەوەی ئەم بزوتنەوەیەدان. یەکەم چەخماخەکانی بزوتنەوەی دایکانی گیانبەختکردووانی دەیەی ٦٠ کە لەژێر ناوی" دایکانی خاوەران" دا لێدرا و چوونە شەڕی سەرانی جەنایەتکاری ڕژیم، ئێستا لە پاڵ ڕێکخراوی دایکانی خاوەراندا، ڕێکخراوی دایکانی پارکی لالە، دایکانی دادخواز، دایکانی ئاشتی، کۆمەڵەی دایکانی پێشڕەو لە خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتدارانی جەنایەتکاری ڕژیم و ئۆرگانە سەرکوتگەرەکانی دەستیانداوەتە دادخوازی. کۆماری ئیسلامی و ئەو دەسەڵاتدارە جەنایەتکارانەی کە سەبەبکاری کوشتنی بە هەزاران نەیاری سیاسی خۆیانن. ئەوان هەوڵی زۆریاندا تا نکۆڵی لە جەنایەتەکانی دەیەی ٦٠ بکەن و هەموو ئاسەوار و شایەتەکانی لەنێو بەرن. بەڵام جەنایەتی بەرین لە کوردستان، قەتڵە بەرینە حکوومەتییەکان لە بەلوچستان، خوزستان و تورکەمەنسەحرا، تیرۆرەکانی دەرەوەی سنوور و ئێعدامە بەرینەکان لە زیندانەکاندا، بەگشتی بە بەڵگە کراون و ئیتر شیاوی شاردنەوە و حاشالێکردن نین. نزیکەی یەک سەدەیە کە دوو ڕژیمی سەڵتەنەتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی بە هەزاران کەسیان بە تاوانی دژایەتی سیاسی ئێعدام و تیرۆر کردووە و دەیان هەزار زیندانی سیاسییان لە سیاچاڵەکاندا ئەزیەت و ئازار داوە. لەگەڵ ڕوخانی حکوومەتی سەڵتەنەتی، ڕژیمی ئیسلامی ئیجازەی دادخوازی بە بنەماڵەی گیانبەختکردووان و زیندانیانی سیاسی دەورەی حاکمیەتی ڕژیمی پەهلەوی نەدا. ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکوومەتی پاشایەتیان لە دادگا ئیسلامیەکاندا بە خێرایی و بە شێوەیەکی جەنایەتکارانە ئێعدام کرد، بەبێ ئەوەی ئیجازە بدەن دەفتەری جەنایەتەکەیان ئاشکرا بێت. هاوکات ڕژیمی ئیسلامی بەشێک لە بەرپرسانی ئەڕتەش و ساواکی محەممەد ڕەزا شای خستە خزمەت خۆیەوە و دامودەزگای سەرکوتی نوێی بە یارمەتی ئەوان بوژاندەوە. ئێستا کە دەنگی دادخوازی بەرینتر بووتەوە، بکەرانی کوشتارە سیاسییەکانی هەردوو ڕژیم سەرلێشێواوانە دەیانەوێ بەر بە دابینبوونی ئەم مافە سەرەتاییەی خەڵک بگەرن. پاشماوەکانی ڕژیمی شا هەوڵ ئەدەن تا ئەو جێگایەی کە ئیمکانی هەیە لەبنەڕەتدا بزوتنەوەی دادخوازی پێک نەیات و ئەگەریش ناچار بوون، تەنیا دەورەی حاکمییەتی ڕژیمی ئیسلامی بگرێتەوە. پەردە لادان لەسەر پەرویز سابتی یەکێک لە جەنایەتکارانی ناسراوی ساواکی شا، لە لایەن سەڵتەنەت تەڵەبەکانەوە، کارێکی وشیارانە و بە بەرنامە بوو. ڕەتکردنەوەی جەنایەتە سیاسییەکانی دەورەی پەهلەوی، لە ڕاستیدا دژایەتییە لەگەڵ پەرەسەندنی هەر ڕۆژەی ویستی دادخوازی کە بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە حەرەکەتێکی بەرینی سیاسی و کۆمەڵایەتی. کۆماری ئیسلامی سەرنجەکانیان بەرەو جەنایەتەکانی دەورەی سەڵتەنەت ڕاکێشاوە و پاشماوەکانی ڕژیمی پاشایەتیش تیشکییان خستۆتە سەر بەشێک لە جەنایەتەکانی دەورەی کۆماری ئیسلامی. بەڵام دادخوازییەکان سەرجەم جەنایەتە سیاسییەکان لە دەورەی هەردوو حکوومەتی پەهلەوییەکان و کۆماری ئیسلامیشدا دەگرێتەوە. جەنایەت جەنایەتە و هیچ جەنایەتێکی سیاسی لە دەورەی هەردوو ڕژیمی ئیسلامی و سەڵتەنەتیدا نابێ فەرامۆش بکرێن. ئەو دوو حکوومەتە بە هەزران کەس لە چەپە و کۆمۆنیستەکان، ڕوناکبیران، هونەرمەندان و ڕۆژنامە نووسانیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی بۆچوونی سیاسی و مەزهەبیان کوشتووە. سەرجەم بنەماڵەی گیانبەختکردووانی سیاسی هەردوو ڕژیمی سەڵتەنەتی و ئیسلامی خاوەنی مافی دادخوازین و سەرجەم زیندانیانی سیاسی ئەو دوو ڕژیمە دەتوانن بەشێک بن لە بزتنەوەی دادخوازی.

بێ گومان سزادانی تاوانبارانی جەنایەتە سیاسییەکانی حکومەتەکان، بە تێپەڕبوونی زەمەن فەرامۆش ناکرێن. لەگەڵ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و بەڕێوەچوونی دادگایەکی گشتی و لەسەر بنەمای یاسا و ڕێسا جیهانییەکان و مافەکانی مرۆڤ، دەبێ بڕیاردەر و ئەنجامدەرانی کوشتارە سیاسییەکانی یەک سەدەی ڕابردوو لە ئێران لە بەرامبەر تاوانەکانیاندا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت. بۆ کۆتایی هێنان بە جەنایەتی سیاسی دەوڵەتی لە ئێران، پێوستە خواستی دادخوازی ببێتە بزوتنەوەیەکی بەرین و جەماوەریی. ڕوون و ئاشکرایە کە بابەتی دادخوازی تەنیا تایبەت بە قوربانیانی قەتڵ و ئەشکەنجە نابێت و سەرجەم ئینسانە شەریف و ئازادیخوازەکان دەبێ پشتیوانی لەم بزوتنەوەیە بکەن. تەنیا بە لێپێچینەوە و سزادانی تاوانباران و بڕیاردەرانی قەتڵە سیاسییە حکوومەتییەکان دەکرێت بەردی بناغەی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و پێشکەوتنخواز دابنرێت، کە بۆ هەمیشە کۆتایی بە قەتڵی سیاسی حکوومەتی و دیاردەیەکی نامرۆڤانەی وەک بوونی زیندانیانی سیاسی بهێنێت. سەرکەوتنی بزوتنەوەی بەهێز و کۆمەڵایەتی دادخوازی بە گۆڕانی سیستەمێکی سیاسی مومکین دەبێت کە بۆ زاڵبوون بەسەر کۆمەڵگادا دەست ئەداتە توندوتیژی سیستەماتیکی حکوومەتی. بە ڕێکخراوبوون و ڕێکخستنی بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی، بنەماڵەی گیانبەختکردووان و پشتیوانی چالاکانەی سەرجەم خەڵکی ئازادیخواز، ئێمە لە دامەزراندنی کۆمەڵگا و نیزامێکی بەری لە قەتڵی سیاسی حکوومەتی و بەری لە بوونی زیندان و زیندانی سیاسی نزیکتر دەکاتەوە.

***

## لاپەڕەیەک لە مێژوو

**پێشکەش بە: ئیسماعیل عەبدی، مامۆستای بەندکراو**

**پێشمەرگە-مامۆستا» دەستکەوتێکی دیکەی بزووتنەوەی خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان.**

**(لە هەواڵنامەی کۆمەڵە وەرگیراوە)**

**شەمسەدین ئەمانەتی ٢٠٢٣/٣/٣٠**

«کۆمەڵگەی دێموکراتیکی مامۆستایانی خەباتکاری کوردستانی ئێران» ناوچەی سنە، لە ڕاگەیەندراوێکدا وێڕای ئەوەی داوا لە مامۆستایانی خەباتکار دەکات تا ئەو جێگایەی کە بتوانن بەدواداچوون بۆ پێشخستنی فەرهەنگ و پەروەردەی شۆڕشگێڕانە لە کوردستاندا بکەن؛ ئەو مامۆستایانەی لە پێوەندی لەگەڵ ئەم «کۆمەڵگەیە»دا خەریکی خەباتن، وەک پێشمەرگە-مامۆستا، بە جەماوەری خەڵکی خەباتکار دەناسێنێت. لێرەدا سەرنجی خوێنەرانی ئازیز بۆ بەشێک لەم ڕاگەیاندنە ڕادەکێشم. هاووڵاتییانی خەباتکار! خەڵکی تێکۆشەری کوردستان! هاوکارانی خەباتکاری فەرهەنگی! ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە سروشتی دژە دێموکراتیک و کۆنەپەرستانەی خۆی، لە بواری فەرهەنگ و پەروەردەدا، وەک هەموو بوارەکانی دیکە، جگە لە چەقبەستوویی و دواکەوتوویی و بڵاوکردنەوەی کولتووری کۆنەپەرستانە و خورافات، هیچی تری بەدیاری نەهێناوە. داخستنی زانکۆ و ناوەندە زانستییەکان، کۆکردنەوەی کتێبە زانستییەکان و ئەو کتێبانەی کە ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانەیان هەیە لە ناوەندەکانی پەروەردە و کتێب فرۆشیەکان، ئاگر تێبەردان و لەناوبردنیان، دانانی بابەتی کۆنەپەرستانە و خوڕافات لەناو کتێبەکانی خوێندندا و هتد... ئەمانە تەنیا بەشێکن لە کردەوە دژە فەرهەنگییە دیار و کۆنکرێتییەکانی ئەم دەسەڵاتە. هەڵوەشاندنەوەی پەروەردە و بارهێنان لە زۆرێک لە ناوچەکان، هەڵوەشاندنەوەی قوتابخانەکان، دەرکردنی مامۆستایانی خەباتکار، دەرکردنی قوتابیان لە قوتابخانەکان و بێبەشکردنیان لە خوێندن بەهۆی هەڵگرتنی بیری شۆڕشگێڕانە، بەشێکی دیکەن لە بەرنامە دژە کولتوورییەکانی ئەم دەسەڵاتە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو ئەو کردەوە دژە کولتووری و کۆنەپەرستانەی سەرەوەی بە قەبارەیەکی بەرفراوانتر لە کوردستان بە مەبەستی لاوازکردنی بزووتنەوەی خۆڕاگریی خەڵکی کورد جێبەجێ کردووە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی بە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پەروەردەی کوردستان، دەرکردنی بەکۆمەڵی مامۆستایان، لەسێدارەدان، زیندانیکردن و دەربەدەری مامۆستایانی خەباتکار و شۆڕشگێڕ، دەرکردنی بەکۆمەڵی قوتابیان، داخستنی قوتابخانەکانی گوندەکانی کوردستان، دانانی کەسانی دەستپەروەردە و سیخوڕ لەنێو پۆلەکانی خوێندندا و هەروەها دامەزراندنی پاسدار-موعەلیمی نەخوێندەوار لەبری مامۆستایانی بەئەزموون، ئەوپەڕی دژایەتی خۆی لەگەڵ خەڵکی کوردستان لە بواری پەروەردەدا نیشانداوە. بزووتنەوەی خۆڕاگری خەڵکی کورد، وەک بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە و جەماوەری، لە هەموو بوارەکاندا دەستکەوتی بەنرخی هەبووە، لەوانەش لەبواری «فەرهەنگ و پەروەردە»، کە نەک هەر وەک بەدیلێکی شۆڕشگێڕانە لە ئاست هێرشی کولتووری کۆنەپەرستانەدا وەستایەوە، بەڵکوو کاریگەرییە خراپەکانی کولتوری ڕزیو و دواکەوتوانەشی سڕییەوە. «کۆمەڵگەی دێموکراتیکی مامۆستایان» لە درێژەی چالاکییە زانستی و پەروەردەیی و فەرهەنگییەکانیدا، بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونە بەرهەمدار و بەنرخەکان و کەڵک وەرگرتن لە ڕێنماییە شۆڕشگێڕییەکان و یارمەتیی پراکتیکی ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان، بە تایبەت کۆمەڵە، بە بەرنامەیەکی ڕێکوپێک چالاکییە پەروەردەیی و کولتوورییەکانی لە گوندەکانی کوردستان پەرەپێدا. سروشتییە کە جێبەجێکردنی ئەم بەرنامە بەرفراوانە پێویستی بە هێزی مرۆیی و ئیمکاناتی بەرفراوان هەبوو، کە بەبێ هاوکاری ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان ئیمکانی نەبوو. «کۆمەڵگەی دێموکراتیکی مامۆستایان» بەمەبەستی دابینکردنی هێزی مرۆیی پێویست، لە بوونی پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکان و لایەنگرانی فیداکار و دڵسۆزی بزووتنەوەی خۆڕاگری خەڵکی کورد، کە زۆربەیان بریتی بوون لەو مامۆستا بەئەزموون و دڵسۆزانەی کە پێشتر لە بواری پەروەردە و بارهێناندا چالاک بوون، کەڵکی وەرگرتووە. ئەم مامۆستا دڵسۆز و تێکۆشەرانە، کە بەوپەڕی حەزو خۆشەویستی و بە سەبر و ماندوویی نەناسانە، پەروەردە و ڕاهێنانی منداڵانی زەحمەتکێشانیان لە ئەستۆ گرتووە، بریتین لەو گەنجە تێکۆشەر و شۆڕشگێڕانەی کە لە سەختترین بارودۆخدا و بە سەرەتاییترین ئیمکاناتی پەروەردەیی، ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە پەرەپێدان بە کولتوری شۆڕشگێڕانە و بەربەرەکانێ لەگەڵ کولتوری کۆنەپەرستانە و خوڕافی. ئەم مامۆستا خەباتکارانە، وەک پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکان، سەنگەرەکانی بزووتنەوەی خۆڕاگری خەڵکی کوردیان پڕکردۆتەوەبەمەبەستی لەناوبردنی دێوی نەزانی و نەخوێندەواری و بە وشیارکردنەوەی زەحمەتکێشان، منداڵەکانیان لەپێناو گەشەپێدانی ڕەوتی دێموکراتیک بوونی ئێراندا باربهێنن. «کۆمەڵگەی دێموکراتک» جگە لە سوپاس و هیوای سەرکەوتنی شۆڕشگێڕانە بۆ ئەو هاوکارە تێکۆشەرانە، ئەوان وەک پێشمەرگە—مامۆستای بزووتنەوەی خۆڕاگری خەڵکی کورد پێناسە دەکات.

«کۆمەڵگەی دێموکراتیکی مامۆستایانی خەباتکاری کوردستانی ئێران» ناوچەی سنە، ١٣٦٠/٦/١٨

نەریتی ئەم پرۆسەی پەروەردەی شۆڕشگێڕانە، لە لایەن موعەلیمان و مامۆستایانی خەباتکار لە قوتابخانە و زانکۆکانی ئێران، هاوهەنگاو لەگەڵ قوتابییان، دانشجویان و لاوانی بەسۆز، ئێستاش و دوای ٤١ ساڵ، پرۆسەکە هەروا بەرەو پێشەوە دەڕوات و مژدەی داهاتویەکی گەش و ئومێدبەخشی ئەم ڕەوتە لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ئەم دوایەیدا بەڕوونی دەبینین.

بژی ژن، ژیان، ئازادی

***

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 426- April 2023
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# دەرسەکانی کۆمۆنی پاریس بۆ دەستەڵاتدارییەتی چەوساوەکان لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی دا




**ن: بێهروز ناسری**

هاوکاتبوونی ڕووداوە مێژووییەکان یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی ڕووداوەکان لە هەلومەرج و بارودۆخی جیاوازدایە. زیاتر لە شەش مانگ بە سەر شۆڕشی ژینا دا تێدەپەڕێت. ئەم شۆڕشە کە چەخماخەکەی لە ڕۆژی ١٦ی سێپتامبری ٢٠٢٢ و بەدوای قەتڵی حکوومەتی ژینا ئەمینی، لە کوردستانەوە لێدرا، تا ئیستا دوو قۆناغی گرینگی تێپەرکردووە. قۆناغی یەکەم، بریتییە لە سێ مانگی یەکەمی شۆڕشی ژینا کە لە کوردستان و دەیان شاری ئێران خۆپیشاندان لە سەر شەقامەکان بە زۆری بەردەوام بووە و ڕژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی ئێران بە توندترین شێوە بەرەنگاری شۆڕشگێرانی کچان و کوڕانی سەر شەقام دەبێتەوە، کە لە ئاکامی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی ئێراندا زیاتر لە ٦٠٠ شۆڕشگێری کوڕ و کچ گیانیان لەدەستدەدەن، کە زۆربەیان لە کوردستان و سیستان و بەلوچیستان بوون. لەو نێوە دا لانیکەم ٧٠ کەس لە گیانبەختکردووان لاوانی ژێر ١٨ ساڵ بوون. زیاتر لە ٣٠٠٠٠ ناڕازی دەستبەسەرکران و زیاتر لە ١٠ کەسەیش ئێعدام کران. قۆناغی دووهەمی شۆڕشی ژینا، بریتیی بوو لەسێ مانگی دووهەم کە ئاستی نارەزایەتییەکانی سەرشەقام کەم دەبێتەوە و شۆڕشگێڕانی شۆڕشی ژینا وشیارانە دەست بە پاشەکشەیەکی تاکتیکی دەکەن تا سەرلەنوێ بتوانن لە دەوری داهاتوودا بەهێزێکی بەرینتر و لەگەڵ بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بگەڕێنەوە سەر شەقامەکان و ئەوکات بتوانن کۆماری ئیسلامی ئێران بە تەواوی بەچۆکدابێنن. تا ئیستا هەم شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی دەستکەوتگەلێکی گرینگی بووە و هەم کۆماری ئیسلامی لە چەند بووارەوە ناچار بە پاشەکشە کراوە. بۆ نموونە ڕێژەی ژنانی وشیار و ناڕازی کە بوێرانە حیجابی ئیسلامیان فڕێداوە و لە شارەکان بێباکانە هاتووچۆ دەکەن و هێزی سەرکوتگەری ڕژیمی ئیسلامی ناتوانێ لە بەرامبەر ڕێژەی بەرینی ژنانی بێ حیجابدا وەک پێشووتر ئاستەنگیان بۆ دوروست بکات. ئەو دوو قۆناغەی کە باسمانکرد، تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. لە قۆناغی یەکەمدا، گرینترین خەسڵەتی شۆڕشوانانی سەر شەقام، دەربڕینی دژایەتی بەرین لەدژی دیکتاتۆر و ڕژیمی سەرکەتگەر لە لایەک و هاواری هاوپشتی خەڵک لەگەڵ یەکتر لە ژێر ئالآی ژن، ژیان، ئازادیدا بوو. دروشمەکانی ئەو دەورەیە بە ئاشکرا ئەوە نیشان دەدات.

بەڵام قۆناغی دووهەمی شۆڕشی ژینا ئەو تایبەتمەندییەی هەیە کە دەرفەت و مەجالێک پێکدەهێنێت تا گروپگەلێکی جۆراجۆر بە ناوی ئۆپۆزیسیۆن و بڵاوکردنەوەی مەنشووری هاوپشتی هەوڵ بدەن تا ئاڵترناتیڤ دروست بکەن. بەرچاوترین نموونەی ئەم هەوڵانە گروپی شەش کەسی زانستگای جۆرجتاونی ئامریکایە کە لەوێ کوڕی شای پێشوو و چەند کەسایەتی تر بەناو مەنشوورێکیان بڵاو کردۆتەوە کە یەکەم خاڵی ئەو مەنشوورە بریتییە لە پاراستنی «تەواوەتی خاک» و پاراستنی دام ە دەزگای سەرکوتگەری ئەرتەش و دەیانهەوێت لە ڕێگای ڕاکێشانی سەرنجی دەوڵەتە ڕۆژاواییەکان و پارە و ئیمکاناتی ئەوان لەوانەکەڵک وەرگرتن لە ناوەندەکانیراگەیاندن، خۆیان لە ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا بناسێنن. ئەو سیاسەت و ڕێوشوێنانەی کە ئۆپۆزیسیۆنی سەڵتەنەتخۆاز ڕەچاوی دەکات، لە بنەڕەتدا بۆ بەلارێدابردنی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیە. هەم کۆماری ئیسلامی ئێران و هەم بەرەی ڕاستی سەڵتەنەتخۆاز، کە لە گرینگترین خاڵەکاندا لێکچوون و نزیکایەتیان پێکەوە هەیە و بەتەواوی لە شۆڕشی ژینا دەترسێن، بە شێوازی جۆراجۆر دەیانهەوێت شۆڕشی مافخواز وئازادیخوازانەی ژن، ژیان، ئازادی لەباربەرن. بە درێژایی مێژووکەم نین ئەو نموونانەی کە پێمان دەڵێت کە ئەگەر کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخواز دەستەڵاتی سیاسی وڵاتیان بەدەستەوە بێت، ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی بە خێراییەکی زیاترەوە ڕوو دەدات. یەکێک لەو نموونە مێژووییانە بریتییە لە کۆمۆنی پاریس لە ساڵی ١٨٧١ کە ١٥٢ ساڵ لەمەوبەر دوروست لەم سەروبەندەدا واتارێکەوتی٢٨ی مارس تا ٢٨ی مانگی مەی ١٨٧١ بەردەوام بوو. لە ماوەیتەنیا دوو مانگدا کە کۆمۆنارەکانی پاریس توانیان دەستەڵاتی سیاسی شاری پاریسبەدەستەوەبگرن، کۆمەڵێک ڕیفۆرمیان بەسەرەنجام گەیاند کە تاکوو ئیستاش کاریگەرییەکانیلەسەر ئاستی نێونەتەوەییدا هەستی پێدەکرێت. لە هەلومەرجێکدا کە کۆمۆنی پاریس دەبوو لە لایەکەوە بەرامبەر گەمارۆی ئەرتەشی ئاڵمان خۆڕاگری بکات و وڵامی کۆنەپەرستەکانی دەسەڵاتی وەرسای و هاوکات وڵامیپێداویستییە ئینسانییەکانی شارێکی گەورەی وەک پاریس کە لەگەڵ قات و قڕی بەرەوڕوو ببووەوە بداتەوە. لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا گرینگترین پرسی سیاسی و ئابووری بە ئەنجام گەیاند کە هەتا ئیستاش کاریگەرییە پۆزەتیڤەکانی لە مێژوودا دەدرەوشێتەوە. لە بواری سیاسی و ئابووریدا کۆمۆن کۆمەڵێک ریفۆرمی گرینگی ئەنجام دا:

- سەرپەرەشتی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاە بەشێوەی شۆڕایی و لە خوارەوە بە جێگای دەسەڵاتی لەسەرەوەی دەسەڵاتدارانی پێشوو.
- هەڵوەشاندنەوەیدام و دەزگای سەرکوتی ئەرتەش و خزمەتی سەربازی زۆرەملێ.
- بەڕێوەبردنی ئیدارەی کۆمەڵگا بە جۆرێک کە هەموو شارومەندان بتوانن تێیدا بەشداربن لە جێگای بروکراسی ئەو دەسەڵاتدارە مشەخۆرانەی کەتەنیا خۆیان دەوڵەمەند دەکرد و شیرەی گیانی خەڵکیان دەمژت.
- دیاریکردنی هەمووبەرپرسانی بواری ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی، ئامووزشی و دادوەریی و هیتر.. لەرێگای هەڵبژاردنەوە.
- کۆمۆن حەقدەستی زۆر و زەوەندی بەرپرسانی هەڵوەشاندەوەو ڕایگەیاند کە حەقدەستی هەر بەرپرسێکی هەڵبژێردراو نابێت لە حەقدەستی کرێکارێکی لێهاتوو زیاتر بێت. بەو جۆرە کۆمۆن نەیهێشت کە پلەی نۆێنەرانی هەڵبژێردراو ببێت بە سەرچاوەی داهاتێکی لەرادەبەدەر.
- بەپێچەوانەی پارلمانی بۆرژەاویی کە تێیاندا نەوێنەران بۆ ماوەی چوارساڵ لە «پارێزبەندی پارلمانی» بەهرەمەند دەبن، کۆمۆن ڕایگەیاند کە هەرکات بەرپرسانئەرکەکانی خۆیان بەجۆرەی پێویست بەڕێوە نەبرد، خەڵک دەتوانن لایانببەن و کەسی دیکە لە جێگایان دابنێن.
- کۆمۆن دەستی مەزهەب و کلیسای لە ژیانی خەڵک کورت کردەوە و مەزهەبی بەتەواوی لە دەوڵەت جیاکردەوە و کردی بە ئەمرێکی تایبەتی تاکەکان و لە هەمان کاتدا هەر جۆرە یارمەتییەکی دەوڵەتیی لە گروپە مەزهەبییەکان مەنع کرد.
- کۆمۆن مەسەلەی ئاموزش و بارهێنانی بەخۆڕایی کرد و ڕایگەیاند کە مەزهەب و کلیسا نابێت لە کاروباری ئامووزش و بارهێناندا دەستێوەردان بکات.
- کۆمۆن حوزوور و دەستێوەردانی مەزهەبیلە سیستمی دادوەری و یاسادانادا قەدەغە کرد.
- کۆمۆن شەوکاری نانەواخانەکانی قەدەغە کرد.
- کۆمۆن کار و دابینبوونی ژیانی خەڵکی وەک مافی بێ ئەلا و ئەولای شارۆمەندان زانیی و بەرپرسیارییەتی ئەو پرسە گرینگەی خستە ئەستۆی کۆمەڵگا.
- لە هەلومەرجێکدا کە هەژاری و برسییەتی بەوپەڕی خۆی گەیشتبوو، کۆمۆن دەرگای ئەو مەخزەنانەیکە هەلپەرستان خواردەمەنییەکانیان تێداشاردبووە، شکاند و خۆراکەکانیانبەسەر خەڵکدا دابەشکرد.
- بەپێچەوانەی حکوومەتی وەرسای کە سیستەم و نیزامێکی سیخوڕی عەقیدەتی پێکهێنابوو، لە سەردەمی کۆمۆنی پاریسدا زۆرترین ئازادی و ئیمکانی هەڵسووڕانی سیاسی ڕەخسا و پاریس لەو سەردەمە کورتەدا شایەتی ئازادی بەیان، ڕۆژنامەی ئازاد و داهێنانی جۆراجۆری سیاسی، فەرهەنگی و ئەدەبی بوو.

یەکێک لە گەورەترین دەرسەکانی کۆمۆنی پاریس بۆ شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی و بۆ کۆمەڵانی چەوساوە ئەوەیە کە بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە کۆمەڵگادا، پێویستە کە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش دەسەڵاتی سیاسی وڵاتیان بەدەستەوە بێت. ئیستا ئەگەر بمانهەوێت کە بەراوردێکی مێژوویی بکەین، دەتوانین بڵێین کە هەموو هەوڵ و تەقالای هێزە بۆرژواییەکان ئەوەیە کە ناوەرۆکی سیاسی و شۆڕشگێرانەی بزوتنەوە حەقخوازەکان لەخووارەوە بە لارێدا ببەن، بە هەمان شێوە کە هێزەکانی کۆنەپەرستی وەرسای لە پاریس لە دژی کۆمۆن یەکیانگرت بۆئەوەی شکستی پێبهێنن. آڵترناتیڤی بەرەی ڕاستی شا پەرستەکان دەیانهەوێتبە کۆبونەوە لەگەڵ دەوڵەتە ڕۆژاواییەکان و بەرجەستەکردنەوەی دەور و ڕۆڵی کەسانی شارەزا و تاکە سلیبریتییەکان و هەروەها کەڵکوەرگرتن لە ڕاگەیاندنەکانی وەک ئێران ئینترناشناڵ، بی بی سی فارسی و دەنگی ئامریکا، سەرنجی بیروڕای گشتی بۆلای خۆیان ڕابکێشن، خەباتی جەماوەری بەلارێدا بەرەن و دەور و نەخشی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش لەدژی ئەو بارودۆخەی ئێستا و لە دژی ئیستبداد و دیکتاتۆرییەت و بۆ پێکهێنانی ئیرانێکی ئازاد، دێمۆکراتیک و خۆشبژێوکەم بکەنەوە. یەکێک لە گەورەترین دەرس و ئەزموونەکانی کۆمۆنی پاریس بۆ ئیستای خەباتی چەوساوەکان لە ئێران ئەوەیە کە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش، ژنان و پیاوانی چەوساوە و زوڵم لێکراو، بۆ گەیشتن بە ئێرانێکی ئازاد و دێمۆکراتیک کە مافی چینی کرێکار و هەموو نەتەوەکانی تێدا پارێزراو بێت، پێویستە کۆمەڵانی ملیۆنی چەوساوەکان لە چوارگۆشەی ئێران بە ئاسۆیەکی ڕوون، یەکگرتوو و ڕێکخراو بن و بەمجۆرە ئیزن نەدەن کوڕی شا و کەسانی تری لەو چەشنە چارەنووس و داهاتووی کۆمەڵگای ئێران و کوردستان دیاری بکەن. بژی یەکگرتوویی ورێکخراوبوون و دەسەڵاتدارییەتی چەوساوەکان!

***

## دواستون

# ئیتر وێنەی کەس لە مانگدا نابیندرێت!

کۆمەڵگای ئێران بە تایبەت دوای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادی، گۆڕانکاریی جیددی بەخۆیەوە بینیوە. لەم ماوە کورتەدا گەلێک ئەزموون بەدەستهاتووە لە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەم کۆمەڵگایەدا کە بێگومان جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ قۆناغی شۆڕشی ١٣٥٧دا هەیە. ئەمرۆ هێزی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە کۆمەڵگادا، سەرەڕای ئەو فرەچەشنییەی کە لە نێوانیاندا هەیە، یەکگرتووانە لە دژی هەڵاواردن و نایەکسانی و لەپێناو دەستەبەرکردنی ژیانێکی شیاوی ئینسانی، ئەو ژیانەی کە لە هەردوو قۆناغەکانی دەسەڵاتی شا و شێخدا لێیان زەوتکراوە خەباتدەکەن، ئەمەش یەکێکە لەو جیاوازیانەی کە لەگەڵ قۆناغی شۆڕشی ١٣٥٧دا بەرچاودەکەوێت، کە لەڕاستیدا هەر ئەمانەش بوونەتە ڕێنوێن و ڕێنیشاندەریش بۆ بزووتنەوە نارەزایەتییەکان لە ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینادا.

دروشمی «مەرگ بۆ ستەمگەر، چ شا بێت و چ ڕێبەر کە لە بزووتنەوە نارەزایەتییەکاندا بەرز دەکرێتەوە، دەرخەری ئەو پێگەیشتنە سیاسییەیە. ئەم هێزە هەرچەندە هەوڵی ڕوخاندنی حکوومەتی ئیسلامی دەدات وەک کۆسپێکی سەرەکی لەبەردەم بەدەستهێنانی ویست و داخوازییەکان، بەڵام بیر لە چۆنیەتی ڕووخانی و ئایندەی دوای ڕووخانیشی دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە چاڵێکەوە نەکەونە چاڵێکی تر. لەم ڕووەوە پتر لە هەر هێزێکی تر، متمانەی بە هێزی یەکگرتووانەی خۆی هەیە.هەر بەم هۆکارەش بۆ پێشخستنی دۆزی خۆی، ئەمرۆ لە هەزاران تۆڕ و گروپ لە ژێر ناونیشانی جیاجیادا خۆی ڕێکخستووە، کە بە گشتی وێڕای پێشخستنی ئاستی هۆشیاری، لەسبەی ڕۆژدا دەبێتە بنەمای ڕێکخراوە سەرتاسەری و هەمەلایەنەکان. ئەو ڕێکخراوانەی کە هێزێکی وا بە هێزی گۆڕان دەبەخشن کە ڕێگە نادات ئەو ئاواتانەی ئەمرۆ لەپێناو بەدیهێنانیدا خەبات دەکەن، سبەینێ لەژێر ناو و نیشانگەلێکی تردا پێشێل بکرێن.

ئەوان دەزانن چییان دەوێت و چۆن دەبێ ئەم ویستانە بپارێزن و بەرفراوانتری بکەن، بۆ ئەوەی چیتر کەس لە غەمی پاروە نانێکدا نەبێ و قەڵەمێک نەشکێ و دەنگێک کپ نەکرێ و هیچ ئەندێشەیەک زیندانی نەکرێت.بەوهۆیەوە بەدڵنیاییەوە هەر کەسێک یان هێزێک کە بە وشەی ڕەنگاوڕەنگ، یان داوای نوێنەرایەتیکردن، یان خۆ بە نوێنەر زانین، بەربەستێک لە ڕێگای خەباتیاندا دروست بکات، بە ئاسانی دەیخەنە لاوە. ئیتر سەردەمی ئەوە بەسەرچووە کە وێنەی کەسێک لەسەر مانگ ببیندرێت.ئەم هێزە ئاڵوگۆڕ پێکهێنەرە، لەم چەند مانگە خەباتەدا کە ئێران و ناوچەکەی بەگشتی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە، ڕێبەران و نوخبە و هێزی فکری و مەیدانی خۆی پێکهێناوە و بەیەکەوە لەپێوەندیدان و بەردەوامن لە پتەوکردنی ڕیزەکانیان لە درێژەی نارەزایەتییەکاندا.

ئەوان بە جیددی هەوڵی بنیاتنانی هێزێکی نوێ لە کۆمەڵگادا دەدەن، چونکە دەرکیان بەو ڕاستییە کردووە کە دەسەڵاتەکانی ئێستا و ڕابردوو، خواست و ئاواتەکانیان بۆ بەهرەمەند بوون لە ژیانێکی ئینسانی بەدی ناهێنن.ئەوان دەرکیان بەوە کردووە کە ئەگەر بۆخۆیان خاوەنی هێز نەبن، هەوڵ و تێکۆشانیان بە ئاسانی بە ئاراستەیەکی دیکەدا دەڕوات، ئاراستەیەک کە کەسانی تر چارەنووسیان بۆ دیاری دەکەن. بۆیە هەوڵ دەدەن بە هێزی خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. هێزی ئاڵوگۆڕ پێکهێنەری ئەمرۆ، بە وانە وەرگرتن لە ئەزموونەکانی تا ئێستا و بەتایبەت شۆڕشی ٥٧، بە هۆشیارییەوە کاردەکەن بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە دۆخی ئێستادا بکەن و بێگومان بەپێی هەڵسەنگاندنەکان، تەنانەت ئەگەر پێویست بکات، تێچووی لەپێناودا دەدەن و دەزانن کە بە هەوڵ و خەباتی خۆیان ، دام و دەزگای سەرکوتگەر ڕووبەڕووی تێچووی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەورە بکەنەوە.

پشتبەستنی ئەم هێزە بە هێزەکانی ناوخۆیە و ڕێگە نادات سەرنجەکان بکەونەسەر دانیشتن و ڕاوێژکارییە بێ ناوەرۆکەکانی پارلمانەکان. بەڵکوو بەجێگای ئەوە بیر لە خۆشکردنی ڕێگایەک دەکاتەوە کە بە گرتنەبەری تاکتیکی گونجاو هێزێکی زیاتر بەرەو ڕیزەکانی ئەم خەباتە ڕابکێشێت.بە هەبوونی ئاوا هێزێک، لە ڕێگای گەیشتن بە داواکارییەکانیدا، ئەو توانایییە بەدەست دەهێنێت کە لەلایەکەوە دام و دەزگای سەرکوتگەر ئیفلیج بکات و لەلایەکی ترەوە هەر هەوڵێک بۆ چەواشەکردن و بەلارێدا بردنی ئەم بزووتنەوەیە پووچەڵ بکاتەوە.

ئەم هێزە نارازییە وشیار و پێشکەوتووە لەم چەند مانگەدا توانیویەتی هێزی نەوەکانی پێشووتر بخاتە ژێر کاریگەری خەبات و ویست و داخوازیەکانی و بە شێوازی جۆراوجۆر پشتیوانی ئەوان بۆلای خۆیان ڕابکێشن.ئەم هێزە دەزانێت لە کوێ پاشەکشە بکات و لە کوێ پلانی هێرشکردن ڕێکبخات و بە نەرمی نواندن لە تاکتیکەکانیدا، ئەگەر ئەمرۆ لە گۆڕەپانی شەقامدا پاشەکشەی کردووە، بەڵام لە پرۆسەی خۆ تەیار کردن و خۆ ڕێکخستندایە بۆ دەرئەنجامێکی سیاسی فراوانتر و پێکهێنانی گۆڕانکاری گشتگیر وهەمەلایەنە لە داهاتوودا.ئەوەیکە وایکردووە دەسەڵاتدارانی حکومەت تووشی شڵەژان و سەرلێشێواوی بن و ئەوانیش هەر لە ئێستاوە بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست خۆیان بۆ ئەگەری ئەم ڕووبەڕووبوونەوە ڕیشەیی و هەمەلایەنەی سبەی ڕۆژ ئامادە دەکەن. هێزی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، تا ئێستا توانیویەتی گۆڕانکاری قووڵ لە پەیوەندییە هەبووەکاندا دروست بکات، تا ئەو ئاستەی کە ئێرانی ئەمرۆ چیتر ئێرانی دوێنێ نییە و ئێرانی سبەی ئێرانێکی جیاواز دەبێت.

***